گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گونجادن وبنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی جادووگەر و فاڵچی
## (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە)

**پ.ی. د. تحسین حمد سمایل**
بەشی یاسا، فاکەڵتی یاساو زانستەسیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێ
tahsin.smael@soran.edu.iq

**چاوان سردار لطيف**
قوتابی ماستەر لە بەشی یاسا، فاکەڵتی یاساو زانستەسیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێ
کوردستان، عیراق
csl890h@law.soran.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٢٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٨
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Civil Responsibility, Witchcraft, Sorcery, Deception, Compensation.

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.2.6

## پوختە

کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی کارێکی شاراوەو نادیاری کۆمەڵگایەکە سەرچاوەی کێشەو زەرەرگەیاندنە بە تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەم کێشەیە کێشەیەکی نوێکراوەی کۆنە بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە و باڵی کێشاوە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر سەرەڕای گەیشتنی مرۆڤ بە تەکنەلۆژیای سەردەم و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکی بابەتێکی گوێزراوەیە بۆ کۆمەڵگەی ئێمەش، لە ئێستادا بابەتێکی زیندووی ناو کۆمەڵگاکەمانە کە لە نەبوونی هیچ دەقێکی یاسایی لە یاسای شارستانی عێراقیدا وەنەبوونی هیچ ڕێنماییەک بابەتەکە زۆرتر چڕۆی کردووە و مەترسی زیاتر بووە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە .

بۆیە ئێمە لەلای خۆمانەوە لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵێکی ئەکادیمی باش دەدەین بۆ ئاشکراکردنی بەرپرسیاریەتی شارستانی کەسێک کە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی بە ئەنجام دەگەیەنێ لەرێگەی گەڕانەوەمان بۆ ڕێسای گشتی یاسای شارستانی لە یاسا بەراوردکاریەکانی وەک یاسای مامەڵە شارستانیەکانی ئیماڕاتی و یاسای مامەڵە شارستانیەکانی سودانی و یاسای شارستانی عێراقی، بە تیشک خستنە سەر ناساندنی کارەکانی جادوو و

فاڵچیەتی وە باسـکردنی چۆنیەتی بەرجەسـتەیی و بوونی مادی کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی، وە گونجاندنێکی یاسایی بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتیدا، وەدەستنیشانکردنی جۆری بەرپرسیاریەتی و بڕیاردان لەسەر بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتیدا، لەگەڵ هاوپێچ کردنی پرۆژە یاسایەکی تایبەت بە بەرەنگار بوونەوەی ئەم جۆرە کارانە، لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی یاسایی بۆ بابەت گەلێکی مەترسیداری فەرامۆشکراو، بەو هیوایەی کە ببێتە پێشینەیەک بۆ دەسەڵاتی یاسادانان بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەم بابەتە.

## 1- پێشەکی

دوای شۆڕشی تەکنەلۆژیا بەتایبەت لەم دواییانەدا پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیان دا ڕوویدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا جادوو وەک بابەتێکی سەرەکی ماوەتەوە کە تاکەکان پێیەوە گیرۆدەن، بێگومان تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بێبەری نین لەو جۆرە کارانە، هەرچەندە لایەنی پەروەردە و هۆشیاری کۆمەڵگە بەرەوپێشچوونی تەواوی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت باوەڕ بە جادوو و فاڵچیەتی هێزی خۆی لە چوارچێوەی کەلتوری زاڵ لە کۆمەڵگەکان وەردەگرێت، وە لە هەموو وولاتاندا یاسا هەمیشە ڕێگرە لە زەرەرمەندبوون و فریودانی خەڵکی، بەڵام لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەهۆی نەبوونی یاسای پێویست بە جادوو و فاڵچیەتی دەبینین کۆمەڵێک کەس بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە نەبوونی یاسادا هەڵدەستن بە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی و وەرگرتنی پارە، وە لە ئەنجامدا بە زەرەرمەندبوونی کەسەکان لەڕووی مادی و دەروونی و تەنانەت دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتان بە کۆتا دێت.

شایەنی باسە لێهاتوویی جادوگەر وفاڵچیەکان لە چەمکە جۆراوجۆرە هاوبەشەکان وا دەکات کە پێویست بکات وەک ئەکتەر ڕۆڵ بگێڕێت کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە پێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، بە تایبەتی ئێمە کە لە نێو کۆمەڵگایەکی موسڵمانین، وە ئەو دیاردەیە دەخوێنین بۆ ئەوەی ئاشکرای بکەین کە جادووگەر و فاڵچی درۆ لە شێوەی ڕاستیدا بە ئەنجام دەگەیەنن لە ڕێگای بەکارهێنانی هەندێک ئامراز و کەرەستە کە دەکەونە دەرەوەی هێزی کۆنترۆڵی هەستیاری مرۆڤی

ئاسایی کە لە نێوان دەستکردەکان و شەیتان خۆی دەبینێتەوە بۆ ئەنجام دانی کارە قێزەونەکانیان، و ڕێژەکە دەگۆڕێت بە گوێرەی ڕادەی ڕۆشەنبیری تاکەکان ونەریتەکانی کۆمەڵگادا.

### 1.1- گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە دەگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە باس لە بابەتێکی هەستیار دەکات چونکە هۆکاری دروست بوونی کێشە و ئاڵۆزی و تێکچوونی شیرازەی چەندین خێزان بووە، وە دیاردەیەکی زەقی ئێستای کۆمەڵگەکەمانە ، هەربۆیە ئاشنابوونمان بەم جۆرە بابەتە و خستنە بەرباس و گفتوگۆ گرنگیەکی تایبەتی هەیە کە هەوڵێکی ئەکادیمی باشی تێدایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی یاسایی بۆ ئەم دیاردەیە، وە هیچ کاتێک توێژینەوەیەکی تایبەتمەندی لەسەر نەکراوە لەسەر ئاستی ئەکادیمی لەناو پسپۆڕی یاسادا، وەک ئەوەی بەدواداچوونمان بۆ کردوە بەتایبەتی لە بواری یاسای شارستانی دا، کە تیادا هەوڵ دەدەین ڕێگە چارەیەك بۆ ئەم دیاردەیە بدۆزینەوە.

### 1.2- کێشەی توێژینەوە

کێشەکانی ئم توێژینەوەیە خۆی لەم گرفتانەی خوارەوە دەدۆزێتەوە :

١– لە ڕووی گونجاندنی یاسـایی (التكييف القانوني) کردوەکانی فاڵچی، لەم ڕووەوە کردەوەکانی فاڵچی بە چ جۆرە کردارێک دادەنرێت ؟ فێڵ کردنە (الحيلة)؟ یاخود هەڵخەڵەتاندنە (التغرير أو التدليس) ؟ یاخود ناچارکردنە (الاكراه) ؟ یاخود هەڵپەرستیە (الاستغلال) ؟

٢- بوونی بۆشایی یاسایی و ڕێکنەخستنی ئەم دیاردەیە بەهۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەت، وە تا چ ڕادەیەک پەنا بردن بۆ ڕێسا گشتیەکانی یاسای شارستانی چارەسەری گونجاوی لەهەگبەدایە، بۆیە هەوڵێکمان داوە و پێشنیاری پرۆژە یاسایەکی تایبەتمان کردووە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە.

٣- لەڕووی چۆنیەتی ئەنجامدانی کردەوەکانی فاڵچی بۆ لە خشتەبردنی قوربانی، ئایا کردەوەکانی بەرجەستەن (مادين) یان واتاین (معنوين)؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1.3- ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سـەرەکی توێژینەوەکەمان پێویسـتی قوڵبوونەوە و خوێندنەوە و گفتوگۆیە لەسـەر ئەم دیاردەیە لەگەڵ بوونی ئەمانەی خوارەوە لە گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکەمانن:

١- ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمی باشـی تێدایە بۆ دیاریکردنی گونجاندن و بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی کەسێک کە هەڵدەستێت بەهەڵخەڵەتاندنی خەڵکی لەژێر ناوی جادوو و فاڵچیەتی.

2- وەهەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چارەسـەری یاسایی ڕوون و ئاشکرا بۆ کەم کردنەوەی ئەو دیاردەیە دابین بکات، لەگەڵ خستنە ڕووی بەرپرسیاریەتی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بەم کارە ناڕەوایە.

## 1.4- پرسیارەکانی توێژینەوە

پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لە:-

1- ئایا ڕادەی بەرپرسـیاریەتی شـارسـتانی کەسـێک چەندە کە جادوو و فاڵچیەتی بە ئەنجام دەگەیەنن؟ وە جۆری بەرپرسـیاریەتیەکەی چیە ئایا بەرپرسـیاریەتی گرێبەسـتییە یاخود کەمتەرخەمیە؟ وهۆکارەکانی ئەو بەرپرسیاریەتیە چین؟

٢- ئایا گونجادن (تکییف) و بنچینەی یاسـایی بەرپرسـیاریەتی شـارسـتانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتیدا چیە؟

## 1.5- میتۆدی توێژینەوە

سەبارەت بەمیتۆدی توێژینەوەکەمان پشت دەبەستین بە بەکارهێنانی زیاتر لە میتۆدێک :

١- میتۆدی شیکاری بەکاردێنین لەکاتی دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی شارستانی فاڵچی لەڕێگای شی کردنەوەی دەقە یاساییەکان لە یاساکانی عێراق ئەگەر هەبوو، و یاساکانی بەراودکاری وە هەروەها ڕای زاناکان، بەمەبەستی دەرخستی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەی توێژینەوەکەمان.

٢- میتۆدی بەراوردکاری بەکاردەهێنین بەمەبەسـتی دەرخسـتنی کەم وکوڕیەکان لە یاسـا و ڕێنماییەکیان لە عێراق و دیاریکردنی لایەنی باش وخراپی دەقە یاساییەکان، چۆنیەتی سوود بینین لە یاسا بەراوردکاریەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە بەراورد کردنی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سالی 1951 به یاسا شارستانیه بەراوردکاریەکان وەکو یاسای مامەڵە شارستانیەکانی ئیماراتی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٥ و یاسای مامەڵە شارستانیەکانی سودانی ساڵی ١٩٨٤.

### 1.6- پلانی توێژینەوە

باسکردنی بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی خۆی لەم پلانە بنەماییەدا دەبینێتەوە:

١- پێشەکی

٢- چوارچێوەی ناساندنی کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی.

٣- گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی.

٤- بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی دا.

5- کۆتایی

## ٢- چوارچێوەی ناساندنی کارەکانی جادوو فاڵچییەتی

جادوو و فاڵچییەتی دیاردەیەکە لەو دیاردە مەترسیدارانەی کە کار دەکاتە سەر مرۆڤ کە ئازار و کێشە ومەترسیەکانی ڕووەو تاکەکانی کۆمەڵگەیە، لە کۆنەوە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بوونی هەبووە و وەک دیاردەیەک لەنێو خەڵکیدا باو بووە، تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش خواست لەسەر بابەت گەلێکی وەها بەردەوامە و ڕوو لە زیادبوونە ، چونکە لە لایەنی پڕاکتیکیدا ئاسان نیە، وە لە ڕووی دەروونیشەوە ئاڵۆزە وە لە ڕووی یاساییەوە فەرامۆشکراوە، هەر بۆیە ئەم تەوەرە تایبەت دەکەین ناساندنی کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی و پێناسەکردنیان و وە زانین و خستنە ڕووی سیفەتی کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی بە پێویست دەزانین ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ دوو لق، کە لقی یەکەمیان تەرخان دەکەین بۆ پێناسەی جادوو و فاڵچییەتی، وە لقی دووەم تەرخان دەکەین بۆ بوونی مادی کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی.

### ١-٢ پێناسەی جادوو و فاڵچییەتی

ئاشنابوونمان بە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی وا دەخوازێت کە پێناسە بکرێن ، هەر لەو ڕوانگەیەوە لەم لقەدا ئەو چەمکانەی کە تیشکیان دەخەینە سەر بریتین لە : پێناسەکردنی جادوو و فاڵچییەتی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووی زاراوەیی و یاساییەوە، کە ئەمانەش بە مەبەستی زیاتر ڕوون کردنەوەی چەمک و کرۆکی ئەو دەستەواژە پەیوەندیدارانەیە کە لەم توێژینەوەیەدا زۆر باس دەکرێن ، لەگەڵ ئاماژەدان بە وابەستە کردنی هەردوو چەمکی جادوو و فاڵچییەتی و هۆکارەکانی باوەڕبوونمان بە وابەستە کردنیان و ناوزەندکردنیان بەیەکەوە بە درێژایی توێژینەوەکە .

## 1-1-2 پێناسەی نایاسایی زاراوەیی جادوو و فاڵچییەتی

مەبەست لە زاراوەیی واتە ڕێککەوتنی نەتەوەیەک بە ناونانی بابەتێک وەک ئەوەی گواستنەوەی ووشەکە لەواتایەکی زمانەوانی بۆ مانایەکی تر بگۆڕێت و بیگوازێتەوە بۆ ئەوەی دەری بخات کە مانای چیە کە لە نێو نەتەوەیەکی دیاریکراو دا وشەیەکی دیاریکراو دەوترێت (الجرجانی، 2004، لا66)، ئەمەش مانای ڕازی بوونی نەتەوەیەکی دیاریکراو بە گۆڕینی مانایەکی زمانەوانی بۆ تێگەیشتنێکی زاراوەیی کە ناسراوە بە پێی ڕیکەوتن لە نێو کۆمەڵگەدا (الشويكي، 2015، لا38).
لە پێناو گەیشتنمان بە مانای چەمکی جادوو و فاڵچییەتی جێگەی سەرنجە کە تیشک بخەینە سەر پێناسەکردنی هەریەکە لە جادوو و فاڵچییەتی لە ڕووی زاراوەییەوە لەلایەن زانایان کە یاساینین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

- **پێناسەی زاراوەیی جادوو (السحر)**

کۆمەڵێک پێناسە کراوە بۆ چەمکی جادوو لەوانە :-
جادوو فێڵێکە یان کاریگەرییەکە لە دونیای توخمەکان لە ژێر تواناای سنورداری جنۆکە یان دەرمانی ئامادەکراو لەلایەن جادووگەرەوە (حمد، 1408 کۆچی، لا17)، هەروەها لەلایەن کەسانێکی دی، جادوو ئاماژەدانە بە بابەتگەلێکی وورد و نادیار کە بە ڕێڕەوی شاردنەوەو هەڵخەڵەتاندن بەڕێوەدەبرێن، کە لە ڕۆحێکی نەگریسەوە لە دونیایەکی ناڕوونەوە بە ناڕاستەوخۆ یاخود ڕاستەوخۆ دەخرێتە ڕوو (السكری، 1407کۆچی، لا38) " یاخود سەرنجدانی مێشکی مرۆڤە و زاڵ کردنی هەست و دڵە وە بە شێوەیەکی کاریگەر وە دروستکردنی دڵنیایی بەدی هاتنی خەونەکەیەتی (بایرن، 2017، لا 183)، وە بە شێوەیەکی دی پێناسە کراوە کەوا فریودان و خەیاڵ و کاغەزێکە کە کاردەکاتە سەر هەتا هەتایی دڵەکان، کە نەخۆشیان دەکات یاخود دەیکوژێت یاخود نێوان ژن و پیاو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیا دەکاتەوە بە مانای ئەوەی کە هاوسەرێک لە خاوەنەکەی وەردەگێرێت (الرازی، 1981، لا 208-209).

پاش خستنە ڕووی ئەم کۆمەڵە پێناسەیە بۆ جادوو لە ڕووی زاراوەیدا کە لایەن کەسانێك کراوە کە یاسا ناس نین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا جادوو ئەنجام دەدرێت لە ڕێگای پەنا بردن بۆ شەیتان، بە مەبەستی یارمەتی دانیان بۆ ئەنجامدانی کارێک کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا کاری خراپن، لەبەرامبەر وەرگرتنی سوودێک لە قوربانیەکە، لە هەندێک کاتدا وەرگرتنی بڕێک پارە دەبێت، یاخود سودی لاشەیی، بەتایبەت ئەگەر ئافرەت بێت.

بۆیە دەکرێت پێناسەی جادوو بکەین کە (بریتییە لە پەنا بردنی کەسی جادووکارە بۆ جیهانی شەیتان و جنۆکەکان، بە مەبەستی یارمەتی دانیان بۆ زاڵ بوون بەسەر هزر و دەروونی کەسێکی تر و لە پێناو کەسێک تا بە نیاز و مەبەستی بگات، لە بەرامبەر وەرگرتنی سوودێک، کە دەکرێت پارە بێت یاخود وەرگرتنی هەر شتێک بێت یا سوودی واتایی لە کەسەکە بە تایبەتی ئەگەر ئافرەت بێت).

- **پێناسەی زاراوەیی بۆ فاڵچییەتی**

زاناکان فاڵچییەتیان بەکردەوەیەکی پوچەڵ پێناسە کرد کە هیچ ڕاستی و دروستی و بنچینەیەکی نیە بۆ سەلماندن هەر بۆیە چەند پێناسەیەکیان دەخەینە ڕوو" هەندێك پیان وایە فاڵچییەتی ئەنجام دەری خەیاڵ و جوڵەی گوماناوین کە دەستێکی سوکیان هەیە بۆ بینینی کۆمەڵە شتێک جگە لەو شتانەی کە دەیانکات (الفهداوی، 2005، لا338)، یاخود بەلای کەسانێکی دییەوە پیشاندانی ناڕاستی لە شێوەی ڕاستی بە فەرمانێکی خێرایی بە پیشاندانی پەیوەندی نێوان خۆی ( فاڵچی) و شەیتانەکان، بە ئامانجی جێ بە جێ کردنی کاری شوێن کەوتوانی جادوو و هەڵ خەڵەتاندنیانە (عبدالوهاب و النبیل، 2013، لا246).

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا زانایان وەک نەریتێکی ئەکادیمی باو جیاوازیان کردوە لە نێوان جادوو و فاڵچییەتی و پێناسەیان کردوە بەوەی کە جادوو ئاماژەدانە بە بابەتێکی ووردی نادیار کە لە ڕێگای فێڵ و هەڵ خەڵەتاندنەوە دێتە دی، وە فاڵچییەتی هەموو ئەوانەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر خەڵکی بە شێوەیەک کە دەبنە هۆکاری زیاتر هاندانی شوێن کەوتوانی جادوو لە پێناو گەیشتن بە خەونەکانیان و گەیشتنی بەرژەوەندی تایبەت بە فاڵچی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە دەکرێت پێناسەی فاڵچییەتی بکەین کە (بریتیە لە ئەنجام دانی کارێک یان کردەوەیەک، بە بەکارهێنانی چەند ئامرازێک لە ڕێگای خێرایی دەستەوە، بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی بەرامبەرەکەی و باوەڕپێکردنی لە پێناو دەستە بەرکردنی داواکاری و خەون و ئارەزووەکانی و وە دەستکەوتنی قازانجێکی دیاریکراو لەلایەن فاڵچییەوە).

## 2-1-2پێناسەی جادوو و فاڵچییەتی لە ڕوانگەی یاساییدا

بێگومان نە لە یاسای شارستانی دا، وە نە لە هیچ یاسایەکی تردا پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ جادوو و فاڵچیەتی نەکراوە هەر بۆیە دەگەڕێینەوە بۆ پێناسەی یاساناسان و توێژەرانی یاسا، وە هەر لەم ڕوانگەیەوە، جادوو پێناسە دەکرێت بە شێوەیەک کە بریتییە لە کۆمەڵێک نەفرەتی و زیانبەخشی و ڕۆحە شەڕانگێزەکان، وە شتێک بێتە پەککەوتنی کەسەکان (Quarrymen, 2011, P477)، وەهەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کە بریتییە لە ئەو کردارو ووتانەی کە لەلایەن دەرونە پیسەکان بەکاردێت کە دەبێتە هۆی لێکەوتەی چەند کارێکی تیژبڕ بە شێوەیەک کە لە دەرەوەی ئاسایی بووندا بێت (الموسی، 2008، لا28) ، وە هەروەها پێناسە دەکرێت بە گرێیەکی پەڕ نووسی و بەکارهێنانی گوفتار یا نووسینی جادوو یا کردارێک کە کاریگەری بکاتە سەر لاشەی جادولێکراو یا دڵی یا هۆشی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (ولی، 2014، لا17)، وە کەسانی تر پێناسەی دەکەن کە بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی ڕادەبەدەری سروشت، بە مەبەستی گەیاندنی زیانی دەروونی یا لاشەیی یاخود بێزارکردنی کەسانی تر و پەککستنی موڵک و ماڵ (Chohan, 2011, P811).

بە شێوەیەکی دی فاڵچییەتی بریتییە لە زانستی پێشبینی یەکان و ڕاکێشانی سەرنجی چاوەکانە بە خێرایی بەهۆی کرداری بکەرەکەی، وە بینینی شتەکان بە پێچەوانەی ڕاستییەکەی، وە هەروەها زانستێکە بنیادنراوە لەسەر خێرایی و سووکی دەست بە شێوەیەک کەسەکان کارێک زیاتر لە جارێک بە شێوەی دووبارە بوونەوە، یا بێگیان بە گیانلەبەر دەبینن بە شێوەیەک زاڵبوونە بەسەر هەست و دڵی کەسەکان (الحکمی، 2004، لا19).

هەروەها جادوو و فاڵچییەتی بە یەکەوە پێناسە کراوە کە بریتیین لە ئەنجامدانی کارێک لە ڕێگای ئامرازەکانی سەرنج بردن و هەڵخەڵەتانە بۆ هێزێکی شاراوە و بەردەست کردنی زانیینی ناڕوون، یاخود کارێکی شاراوەیە لە ڕووی هۆکارەوە بە مەبەستی زاڵ بوون بەسەر ویستی کەسانێک، وە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنا کردنی کارێک بە پێچەوانەی ڕاستییەکەی بە مەبەستی دەستکەوتنی سوودێک یا بوونە هۆکاری ڕووداوێک (الأحمد و عبدالكريم، 2020، لا16).

وە پاش تێڕوانینمان بۆ پێناسە کردنی جادوو و فاڵچییەتی لە ڕوانگەی یاساییدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەندێک لە زانایان بە وەهم و خەیاڵ و ناڕاستی ناودەبەن لە ڕێگای فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و فریودانی جادوو و خواست لە لایەن جادووگەر وفاڵچییەوە، کە لە ڕووی شەریعەتی ئیسلامیەوە گەنجینەی گوناح و تاوانە لە دۆخی جادودا، وە بێ باوەڕی بوونی بکەری ئەم کارانەن، وە هەندێکیان بە تەواوەتی دان بەبوونی جادوو و فاڵ دا دەنێن کە کارێکە بوونی مادی و واتایی هەیە، وە لە نێو خەڵکیدا تێبینی دەکرێت و بوون و کاریگەری هەیە و لێکەوتەی خراپی دەبێت لەسەر کەسەکان، وە بۆتە هۆی دروستکردنی چەندین زیان و تێکچوونی دەروون و شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا.

وە هەر لەو ڕوانگەیەوە پێمان وایە کە شتێک هەیە بە ناوی جادوو و فاڵچییەتی بەم شێوەیەی کە ئێستا کۆنترۆڵی ژیانی بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگای کردوە وە فاڵچی بانگەشەی تواناییان دەکەن بۆ فریودانی تاکەکانی کۆمەڵگە و لە ڕێگەی کارەکانیانەوە ، کە لە ئەنجام دا زیان بە کەسانی تر دەگەیەنێ کە هۆکاری سەرەکی بەرپرسیاربوونی تاکە.

کەواتە جادوو فاڵچییەتی دوو چەمکی جیاوازن لە چەند ڕویەکەوە لەوانە :-

- لە ڕووی ئامانجەوە جادوو ئامانجی زیان گەیاندنە جا چ بە جەستە یاخود بە دۆخی کەسەکە، بە یارمەتی شەیتان و جنۆکە وە ڕاکێشانی هەستی بەرامبەرەکەیەتی ، بەڵام فاڵچییەتی بریتییە لە بەکارهێنانی ڕێگاکانی فرت و فێڵ بە هۆی جوڵەی دەست و لاشەی ، لە ڕێگای بەکارهێنانی سووکی دەست و شاردنەوە ئەنجام دەدرێت، زیاتر مەبەست لێی بۆ خۆشی و گاڵتە کردنە، هەندێک جار بە مەبەستی زیان گەیاندنە.

- جادوو بۆ ئەنجام دانی پێویستی بە هێزی ئەفسانەیی و جیهانی خەیاڵ و شەیتان و جنۆکەکانە، هەموو کەسێک ناتوانێت ئەنجامی بدات ، بەڵام فاڵچییەتی پێویستی بە هێزو شارەزایی بوونە لە نواندن دا بۆ دروستکردنی باوەڕی متمانەی کەسی جادوو خواست، وە هەموو کەسێک دەتوانێت ئەنجامی بدات لە ڕێگای مەشقکردنێکی زۆرەوە.

بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم جیاوازیانە، ئێمە لێرەدا جیاواز لەو پێناسانەی سەرەوە چەمکی جادوو و فاڵچییەتی یەک دەخەین و چڕیان دەکەینەوە و کۆیان دەکەینەوە لە یەک پێناسەدا و ناوزەندیان

دەکەین بەیەکەوە بە درێژایی توێژینەوەکەمان کە هەرچەندە لە یەکتر جیاوازن لە ڕووی چەمک و تێگەیشتنەوە بەڵام لە ڕوی لێکەوتەوە هەمان لێکەوتەی یاساییان هەیە.

بۆیە لەلای خۆمانەوە پێناسەی جادوو و فاڵچییەتی دەکەین بەیەکەوە کە بریتیین لە (گوفتار یا کردەوە یا بەلارێدابردنی کەسەکانە لە ڕێگای هەڵخەڵەتاندن و فێڵ کردن لە چاوەکان و زاڵبوون بەسەر هەستەکان و دڵەکان بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فرت و فێڵ یاپەنا بردنە بۆ جیهانی شەیتانەکان و جنۆکەکان بە مەبەستی گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو یا زیان گەیاندن بە کەسەکان و سامانەکانیان لە بەرامبەر دەستکەوتێکی مادی یاخود واتایی لە دەرەوەی یاسادا).

بەم شێوەیە باوەڕبوونمان بە کۆکردنەوەی هەر دوو چەمکی جادوو و فاڵچییەتی لە یەک پێناسەدا و ناوزەندکردنیان بەیەکەوە بە درێژایی توێژینەوەکەمان دەگەڕێنینەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:-

- بوونی هەمان بەرژەوەندی لە کردنی کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی .
- لە ڕووی سروشتەوە هەمان سروشتیان هەیە بە شێوەیەک کە هەردووکیان پەیوەندییان بە بابەتە شاراوە و هەڵگەڕاوەکان هەیە.
- زۆر جار تێکەڵییەک هەیە لە نێوان کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی لەو شوێنەی کە فاڵچی پەنا بۆ کارەکانی جادوو دەبات بۆ ڕازیکردنی کەسی بەرامبەر .
- لە ڕووی شوێنەواری یاساییەوە هەمان شوێنەواری یاساییان هەیە.

## ٢-٢ بوونی مادی کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی

بێگومان یاسادانەرەکان لە سەرەتادا هەوڵ دەدەن خۆیان دووربخەنەوە لە کارە نەبووەکان و غەیبییەکان، وە جادوو یەکێکە لەم کارانە بە پاساوی ئەوەی کە لە بنەڕەتدا بوونێکی مادی نیە و لە ئەنجامدا کاریگەری لەسەر کەسەکاندا دروست ناکات و زیانیان پێ ناگەیەنێت، بۆیە بوونی سیفەتی مادی بەرجەستەیی کاری یاسادانەران ئاسان دەکات لە لایەک، وە لە لایەکی تر ئەرکی سەلماندن ئاسان دەکات وە دژایەتی هەموو بەرژەوەندی و بیرکردنەوەیەک دەکات کە پەیوەستە بە کردەوەکانی گزی هزری و بیرۆکەی هزری بەدەر لە بەرجەستە بوونی (الأحمد و عبدالکریم، 2020، لا35).

ئاشکرایە کە سیفەتی مادی واتە بوونی دۆخێکی بەرجەستە، کە سەبارەت بە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی و بوونی سیفەتی مادی لەم کردارەدا، وێڕای نەبوونی هیچ دەقێکی ڕوون و ئاشکرا لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) ساڵی (١٩٥١)، بەڵام بە لێوردبوونەوە لە دەقی ماددە (٢٠٢) لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسای ئاماژە پێکراودا دەڵێ (هەر کردەوەیەکی زیان بەخش بۆ گیان لە کوشتن یان بریندارکردن یان لێدان یان هەر جۆرێکی تر لە جۆرەکانی ئازاردان پابەند دەبێت بە قەرەبوکردنەوە کەسی زیان بەخش) (القانون المدني العراقي: المادة (202)، 1951) وە هەروەها بوونی ماددە (٢٠٤) کە دەقی تێدا کراوە کە (هەر دەستدرێژییەک زیان بە غەیر بگەیەنێت جگە لەوەی باسکرا لە ماددەکانی پێشەوە پێویستی بە قەرەبووە)، واتە هەر دەستدرێژییەک ببێتە هۆی زیان گەیاندنێکی تر کە لە پێشتردا باس نەکرا بێت پێویست بە قەرەبوو کردنەوە دەکات، ئەمەش پیادە دەبێت هەر کاتێك لێکەوتەی کارەکانی جادووگەر و فاڵچی بەرجەستە بوون ، وە لەبەر ئەوەی کردەوەکانیان یەکێکن لە کارە زیان بەخشەکانن هەر بۆیە کارێکی لەم جۆرە لادانە لە دەقێکی یاسایی، هەر بە گوێرەی ئەم ماددەیە ووشەی کردەوە ئەوە دەگەیەنێت کە کارێکی بەرجەستە و مادی هەیە و بەرپرسیاریەتی لێدەکەوێتەوە کە قەرەبوکردنەوەیە .

بەم شێوەیە هەر کردەوەیەک یان ڕەفتارێک لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی وە کاریگەری و زیانی هەبێ لەسەر جەستە یان دڵ یان عەقڵ و ئیرادەی ئەوانی تر، جا ڕاستەوخۆ بێت یان نا ڕاستەوخۆ بێت، خۆی لە خۆی دا بوونی ئەو کردەوە و ڕەفتارانە مانای هەبوونی سیفەتی مادی دەگەیەنێ لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی، جا ئەگەر ئەو کردەوانە دەرەنجامێکی زیان بەخشی لێبکەوێتەوە، ئەوا بەرپرسیاریەتی شارستانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام تەنها بوونی کردەوەکە ئەمە سیفەتێکی مادی یە وە بەرپرسیاریەتی سزایی لێدەکەوێتەوە، چونکە لەم حاڵەتانەدا زۆر جار هەیە کردەوەی جادوو و جادووگەرێتی دەکرێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک زیانی لێناکەوێتەوە ، بەڵام بەرپرسیاریەتی هەر دروست دەبێ، چونکە تەنها بوونی ڕەفتار گەلێکی وەها بەسە بۆ کەوتنەوەی بەرپرسیاریەتی سزایی (منجد، 2018، ل215).

شایانی باسە ئەم جۆرە کردەوە بەرجەستانە ئاماژە پێکردنە بە دۆخێکی ڕوون و دیار نەوەک شتێکی ناڕوون و شاراوە ، کە دەکرێ بە فێربوون بە دەست بهێنرێت کە زۆرتر نزیک دەبێتەوە لە نەریت کە ڕێرەوی فرت و فێڵ کردن و هەڵ خەڵەتاندن لە ڕۆحێکی خراپەوە ئەنجام دەدات کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەسانی تر دەبێت (الكسرى، 1407 کۆچی، ل37-38)، وە لەئەنجامدا کاریگەری لەسەر هەست و نەستی تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە سیفەتی مادی لە کارەکانی جادوو فاڵچییەتی پێکهاتوە لە کەسی فاڵچی کە خۆی ئەندامێکی چالاکە لەم کارەدا وە کەسی جادوو لێکراو وە ئەو کەسەی زیانی پێگەیشتوە ، وە ئەو ئامرازانەی کە بەکاردێ لەم کارەدا کە هەندێک جادوو هەیە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی ماددەی کیمیاوی کە زۆر کاریگەریان هەیە لەسەر کارەکان، وە هەندێک لەو ئامرازانە دەکرێ بە جەستەی مرۆڤەکانەوە بپارێزرێ بەو هیوایەی ڕاییکردنی کارەکانی بۆ دەکات وە پێویستە کە پارێزگاریان لێبکرێت (سعد، 1994، لا128)، یاخود لەسەر پێستی ئاژەڵ، یان بخور و سوتاندنی مۆم و نوسراوی کاغەزی دەکرێت (علی، 2017، لا11).

هەندێک لە فاڵچییەکان لە کارەکەیان دا پەنا دەبەن بۆ ئەو تالیسمانەی کە لەسەر کاغەزەکان یان ئامرازەکانی تر دەینووسێت و وە دەبینرێت بۆ کەسی جادوو لێکراو یان پشت دەبەستێت بە (العقد والنفث) هەر وەک خوای گەورە دەفەرموێت ( ومن شر النفاثات فی العقد ) (القرآن الكريم، سورة الفلق، الأية 4).

وە هەروەها کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی دەچێتە ژێر ناوی سیفەتی مادی بە فێرکردنی جادوو و ڕێگاکانی فێربوونی جادوو (الذهبی، 2003، لا15)، کەواتە گرنگی دان بە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی و ئەنجامدانی هەر کردەوەیەک لەو کردارەدا پەیوەست کردنی جادوو و فاڵچییەتیە بە سیفەتی مادیەوە (برعی و المرسی، 1995، لا324).

کەواتە کردەوەی بەرجەستە لەکارەکانی جادوو و فاڵچییەتی دا دێتە کردن بە شێوەیەک کە فاڵچی کردەوەکانی ئەنجام دەدات لەسەر کاغەز یاخود هێلکە یاخود قفڵ و کلیل و چەند شتێکی لە شێوەی بەردی لولکراو بە دەزوو یاخود کۆمەڵێک ئامرازی تر کە سنوردار نین ، بەو هۆیەی کە هەر فاڵچییەک و ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە جیاواز لەوانی تر، بە جۆرێک کە ئەم کردەوانە مایەی مەترسین بۆ کۆمەڵگە، وە هەموو ئەم مادانە و ئامرازانەی کە بەکاریدەهێنن سەلمێنەری بوونی مادی جادوو و فاڵچێتییە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە سیفەتی مادی پاڵنەرێکی دەرەکیە لەلایەن فاڵچیەوە ئەنجام دەدرێت کە لە ڕێگای ئامرازەکانی کە بەکاری دەهێنێ، وە هەموو شتگەلێکی هەست پێکراو و بینراو بەرجەستە لەم پرۆسەیە دا بە سیفەتی مادی هەژمار دەکرێ، بۆیە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی سیفەتێکی مادی هەیە و بەرجەستەیە ، وە بە حوکمی ئەوەی کە فاڵچییەکان پشت بە کتێب و هێڵ کێشان و وێنە

کێشــان دەبەســتن بۆ ئەنجام دانی کارەکانی لە پرۆســەی جادووکردن، کە ئەمانەش هەمووی شــت گەلێکی کرداری و هەســت پێکرا و و بەرجەســتەن، کە لە ئەنجام دا بەرپرســیاریەتی شــارســتانی لێدەکەوێتەوە، چونکە دەچێتە ژێرباری کارە ناڕەواکان (العمل غیر المشـروع) بۆیە دەبێت یاسـادانەر بەرەنگاری بێتەوە، چونکە یاســـا هەیە بۆ پێداویســـتی کۆمەڵگا، وە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگادا هەیە.

لە دوا کایەدا پێناســـەی ســـیفەتی مادی دەکەین کە ئاراســـتەیەکە لەســـەر بنەمای ناکۆکی نێوان بەرجەستەیی و فیکری لە بیردۆزی مەعریفەدا ، واتە زانین تەنها دەگەڕێتەوە بۆ هەستەکان وە کارو شـــوێن و جوڵە مەرجن بۆ بەرجەســـتە بوونیان و هەژمارکردنیان وەکو ســـیفەتی مادی، وە ئەمەش یەکێکە لە دیاردەکانی بەرهەمی فیکری و هزری مرۆڤ کە پشـــت بە پێکهاتەی جەســـتەیی مرۆڤ دەبەستن و بەرجەستەیی بوونیان مەرجە بۆ لە قەڵەم دانیان بە سیفەتی مادی بەرجەستە بوونی بەرپرسیاریەتی شارستانی.

## ٣- گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی لەکارەکانی جادوو و فاڵچییەتی

دەستەواژەی گونجاندن (characterization) لە یاسادا بەرامبەر دەستەواژەی دیاریکردنە (تشخیص) لە زانستی پزیشکیدا، گونجاندنی یاسایی بریتییە لە پێدانی وەسفی یاسایی گونجاو بۆ ئەو واقیعە، وە ئەو کارەیە کە یاســـاناس پێی هەڵدەســـتێت لە هەڵســـەنگاندنی یاســـای گونجاو کە حوکمی کەیسەکانی پێشوتر کراوە (العیاری، 2017، لا318-320).

کەواتە گونجاندنی یاســـایی کارێکی یاســـایی پابەندیی و ناچاریە بە بۆنەی داوایەکی یاســـاییەوە بەرجەســتە دەبێت بەهۆی گەوهەری تێگەیشــتن لە ڕاســتی کەیســەکە و یاســا، کە ئەمەش لە ڕێگای پێوانەکردنێکی لۆژیکی دەبێت لە ڕووداوەکاندا لەســەر بنەمای ڕێســا و بنەچەی چەســپاو (العبیدی، 2019، لا88).

هەر لەو ڕوانگەیەوە گونجاندنی یاسایی بریتییە لە پێدانی وەسفی یاسایی دروستی واقیعەکان یان مامەڵە کردنەکانە بۆ بەستنەوەی بەو یاسایەی کە گونجاوە بۆ تێپەڕبوون و چارەسەرکردنی کێشەکە ، یاخود پێدانی سیفەتێکی یاسایی بە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی لە بەرپرسیاریەتی دا پەیوەستە

بە گرێبەست و بەرپرسیاریەتی گرێبەستی لێدەکەوێتەوە وە یاخود بە کارێکی ناڕەوا هەژمارکراو لە یاسادا کە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لێدەکەوێتەوە (الساعدی، 2020، لا7).

جا بۆ دیاریکردنی گونجاندنی تەواو بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی لە دوو لقی جیادا باسیان دەکەین و دەیخەینە ڕوو.

### ١-٣ ڕادەی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی

گرێبەست بە گشتی ڕەزامەندی دوو ویستە لەسەر پێدانی شتێک یان ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کارێک کە لە ئەنجامدا لێکەوتەی یاسایی لێدەکەوێتەوە، ڕێککەوتنەکەیان بە گرێبەست هەژمار دەکرێت بە بێ گوێدانە سروشتی پەیوەندییەکەیان و بابەتی ڕێککەوتنەکەیان، وە بێ گوێدانە سروشتی ئەو کەسانەی کە سەرچاوەی دەرچوونی ویستن بەگوێرەی یاسا، جا ئەو کەسە کەسی سروشتی بێت یا واتایی ، ئەوەی جێی سەرنجە کە بیرۆکەی گرێبەست لە یاسای شارستانی دا سەرچاوەی گرتووە و مامەڵە لەگەڵ تاکەکاندا دەکات (المعموری، 2020، لا11)، هەر بۆیە یاساناسان بە گشتی گرێبەستیان پێناسە کردووە بە ڕێککەوتنی دوو کەس یان زیاتر بۆ چەسپاندنی مافێک یاخود گواستنەوەی یاخود کۆتایی پێهێنانی (یوسف، 2020، لا18) ، وە بەگوێرەی ماددە (٧٣) لە یاسای شارستانی عێراقیدا (گرێبەست بریتییە لە پەیوەست بوونی ئیجابی دەرچوو لەلایەن یەکێک لە لایەنەکان بە پەسەندکردنی ئەویتر بە شێوەیەک کە لێکەوتەی یاسایی لێبکەوێتەوە لەسەر گرێبەست لەسەرکراو )، وە لە یاسای مامەلەکانی شارستانی سودانی دا بڕگەی (١) لە ماددە (٣٣) پێناسەی گرێبەست کراوە بەوەی کە (گرێبەست پەیوەستییەکی ئیجابی دەرچووە لە یەکێک لە لایەنەکان وە پەسەندکردنی ئەویتر بەجۆرێک کە شوێنەوارەکەی لەسەر گرێبەستکراو دەچەسپێت کە پابەندبوونی لێدەکەوێتەوە بۆ هەریەکەیان و ئەرکیش بۆ ئەویتر)، وە لە بەرامبەردا لە یاسای مامەڵەکانی شارستانی ئیماراتی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٥ لە مادە (١٢٥) پێناسەیەکی ڕوون بۆ گرێبەست کراوە بەوەی کە (گرێبەست بریتیە لە بەستنی ئیجابی دەرچوو لە لایەنێکی گرێبەستەکە و ڕازی بوون و ڕەزامەندی ئەویتر بەشێوەیەک کە لێکەوتەکەی بکەوێتە سەر گرێبەست لەسەر کراو، بەشێوەیەک کە هەردوولا پابەندیەکانیان بەرامبەر یەکتر جێبەجێ بکەن).

بەگوێرەی پێناسەی گرێبەست لە یاسای شارستانی عێراقی و سودانی و ئیماراتیدا گرێبەست هاوتابوونی ئیجابی دەرچووە لە لایەنێکی گرێبەستەکەوە وە پەسەندکردنی لایەنەکەی تری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرێبەســتەکەیە بە دەربڕینی ڕەزامەندی هەردوو لایەنەکە بۆ پابەندبوون بە لێکەوتە یاســاییەکانی گرێبەستەکە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ڕێککەوتنی نێوان جادووگەر یان فاڵچی لەگەڵ جادوو خواست بە گرێبەست دادەنرێت؟

بە ســەرنجدانمان بۆ یاســای شــارســتانی عێراقی و یاســا بەراوردکارییەکان دەردەکەوێت کەوا ئەم ڕێککەوتنە پەیوەنــدییەکی گرێبەســتــی نیە، چونکە دەرچوونی ئیجــاب و پەســەنــدکردن لەم پەیوەندییەدا بوونی هەیە، بەڵام ملکەچ بوون بۆ لێکەوتە یاســاییەکانی گرێبەســت بوونی نیە، وە هیچ یەکێک لە فاڵچی و جادوو ویســت ئامادەییان تێدا نیە بۆ لەئەستۆگرتنی لێکەوتە یاساییەکانی پەیوەنـدی نێوانیــان ئەمە لە لایەک، وە لەلایەکی ترەوە لە ڕووی بنگەی (محـل) گرێبەســتەکە پێچەوانەی پەیڕەوی گشتی و ئادابی گشتیە، چونکە بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی ماددە (١٣٠) لە یاسای شــارســتانی عێراقیدا بۆ ئەوەی بنگەی گرێبەســت دروســت بێت دەبێت ڕێگا پێدراو بێت بەگوێرەی یاســا و بتوانرێت مامەڵەی پێبکرێت (هەمان ســەرچاوە، 1951) هەر بۆیە بنگە لە ڕێکەوتنی نێوان ئەو کەســەی مامەڵە لەگەڵ جادووگەر و فاڵچی دەکات پوچەڵە بەگوێرەی یاســا، هەروەها لە ڕووی هۆکاری گرێبەستەکە (سبب العقد) بە هەمان شێوە هۆکارەکە دروست نیە بەگوێرەی دەقی بڕگەی (١) لە ماددە (١٣٢) لە یاسای شارستانی عێراقیدا ، لەبەر ئەوەی هەردوو لایەنی گرێبەستەکە پاڵنەرەکەیان پێچەوانەی پەیڕەوی گشـتی و ئادابی گشـتی یە، کە ڕێکەوتنە لەســەر زیان گەیاندن بە کەسێکی تر، یاخود ڕێکەوتنە لە نێوان کەســی قوربانی و جادووگەر یان فاڵچی بە ئەنجامدانی کارێک بۆی، وەکو چوونی ئافرەتێـک بۆ لایـان تاکو منداڵی ببێـت، یـاخود ڕۆزی زیـاد بێت و دەوڵەمەنـد بێت یـانیش خۆشەویست بێت لای کەسێک کە وەکو ئاماژەمان پێدا ئەم ڕێکەوتنە پوچەڵە .

لە بڕگەی یەکەمی ماددە (٤٢) لە یاسای مامەڵەکانی شارستانی سودانی ساڵی ١٩٨٤ ( بۆ دامەزراندنی گرێبەســت دەبێت پەســەندکردن هاوچەشــنی ئیجاب بێت) ، بە گوێرەی ئەم مادەیە دەردەکەوێت بۆ دروست بوونی پەیوەندییەکی گرێبەستی دەبێ ئیجاب و پەسەندکردن هاوچەشنی یەک بن کەواتە لە کاتی بوونی ئیجاب و پەســەندکردن لە لایەن قابل دا ئەوا پەیوەندییەکەیان گرێبەســتیە، هەر لە هەمان یاسـادا بڕگەی یەکەمی ماددە (٤٣) دەڵێ (هەژمار دەکرێ بەگرێبەسـت بەسـتن لە نێوان ئامادە نەبوان لەو شـوێنەدا کە ئەنجام دراوە وە لەو کاتەی کە موجب زانینی هەیە بە پەسـەندکردنەکمەگەر ڕێککەوتنێـک یـاخود دەقێـک هەبێ بە پێچەوانەی ئەمە بێـت)، کە ئەمەش ئـامـاژەیە بەوەی کە ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیجاب و پەسەندکردنە دەشێ لە یەک شوێنیش نەبن وا هەژمار دەکرێت کەسی موجب ئاشنایە بە پەسەندکردنەکە و ئاگادار کراوەتەوە ، لێرەش دا ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کەسی جادوو ویست و فاڵچی دا دروست دەبێ کە لە هەمان شوێنیش نەبن بە گرێبەست هەژمار دەکرێ وەک ئەوەی کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا باوە کە لە ڕێگای هێڵەکانی پەیوەندیکردن و سۆشیاڵ میدیاوە فاڵچی لە دورەوە ڕەزامەندی بوون دەردەبڕێت لەمەشەوە پەیوەندیەکەیان دەچێتە قاڵبی گرێبەستەوە بەهۆی بوونی ئیجاب و پەسەندکردنی نێوانیان، بەڵام پاش زیاتر وردبوونەوە لەم مادەیە دەردەکەوێت کە تەنها ئیجاب و پەسەندکردنە لە پێناو دروست بوونی گرێبەست لە پەیوەندی نێوانیان نەک بە ئاڕاستەی بەرپرسیاربوونیان لە لێکەوتە یاساییەکان کە ئەمەش خاڵی بنچینەیی دروست بوونی بەرپرسیاریەتی گرێبەستییە ، کەواتە بە گوێرەی ئەم مادەیە لایەنەکان هیچ ئامادەییەکیان تێدانییە بۆ ڕووبەڕوونەوەی بەرپرسیاریەتی لە ئەنجامی کەوتنەوەی لێکەوتەی یاسایی.

بەڵام بەگوێرەی برگەی (١) لە مادده (٧٨) لە یاسای مامەڵەکانی شارستانی سودانی دەبێت بنگە (المحل) ڕەوا بێت وە لە ڕووی یاساییەوە ڕێگا پێدراو بێت، بەڵام ئەم ڕێککەوتنەی جادووگەر و فاڵچی پێچەوانەی یاسایە، بۆیە گرێبەستەکە پوچەڵ دەبێت، وە هەروەها لەڕووی هۆکاری گرێبەست کردن (سبب العقد) دەبینین بە هەمان شێوەی بنگە (المحل) پێچەوانەی دەقی برگە (٢) لە مادده (٨٤) لە یاسای مامەڵە شارستانیەکانی سودانیە کە مەرجی کردووە دەبێت دروست بێت و ڕێگا پێدراو بێت و پێچەوانەی پەیڕەوی گشتی و ئادابی گشتی نەبێت، بۆیە بەم هۆکارەش هەر گرێبەستێک کە جادووگەر و فاڵچی ئەنجامی بدات لەگەڵ هەر کەسێکی تر ئەوا پوچەڵە و کاری پێناکرێت.

شایانی باسە کە مادده (١٢٥) لە یاسای مامەڵەکانی شارستانی ئیماراتی هاوشێوەی مانای دەقی مادده (٧٣) لە یاسای شارستانی عێراقیە و لەئەنجامدا پەیوەندی فاڵچی و جادوو لەگەڵ جادوو خواست نابێتە پەیوەندییەکی گرێبەستی بە هۆی ئەوەی کە هیچ یەکێکیان ئامادەییان تێدا نیە بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی بەرپرسیار بوون لەهەر لێکەوتەیەکی یاسایی کە دەکەوێتەوە لەو پەیوەندیەدا.

شایانی باسە کە کۆڵەکەکانی گرێبەست لە یاسادا برتییە لە ڕەزامەندی و بنگە و هۆ (السنهوری، 1952، لا170)، ڕەزامەندی بوونی هەیە کاتێک دوو ئیرادەی گونجاو هەبێت و ئەگەر بوونی ئەم ئیرادانە بۆ دروست بوونی گرێبەستەکە بەس بێت، بەڵام بۆ دروستی گرێبەستەکە بەس نیە، بەڵکو بۆ ئەوەی گرێبەستەکە دروست بێت دەبێت ڕەزامەندی هەریەکە لە لایەنەکانی گرێبەست دروست

بێت بێ کەم و کوڕی (الحکیم، البکری و البشیر، 1980، لا31)، وە بە تەنها بوونی کۆڵەکەی ڕەزامەندی بەس نیە بۆ دروست بوونی گرێبەست، بەڵکو لە پاڵ ئەوەش دا دوو کۆڵەکەی دی هەن کە بنگە وهۆیە کە دەبێت هەبێت و ڕاست ڕەوا بێت (الزهیری، 2017، لا26).

کەواتە بە تەنها چوونی یاخود پەیوەندیکردن جا بەهەر ڕێگایەکەوە بێت لەگەڵ جادووگەر و فاڵچی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە پەیوەندی نێوانیان گرێبەستییە، بەڵکو پێویستە تیشک بخەینە سەر بنگەی پەیوەندییەکەیان وە هەروەها هۆکاری ڕاستەوخۆ و هۆکاری پاڵنەری ئەم جۆرە کارە کە ئایا بنگەی پەیوەندییەکەیان تا چ ڕادەیەک بەجێیە و ڕەوایە وەهۆکارەکانیشیان لە پێناو گەیشتن بە هەژمارکردن یاخود هەژمار نەکردنی بە گرێبەست دەبێت هەبن ودروست بن.

شایەنی باسە دوای وردبوونەوەمان لە هەر سێ یاسای ئاماژە پێکراو لە پێناو گەیشتنمان بە دیاریکردنی ڕادەی بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتیدا بۆمان دەرکەوت کە پەیوەندییەکەیان گرێبەستی نیە، وە بەرپرسیاریەتی گرێبەستی لێناکەوێتەوە هەرچەندە کە لە یەکێک لە کۆڵەکەکانی گرێبەست کە ڕەزامەندییە بوونی هەیە لەو پەیوەندییەدا" بەڵام بنگە و هۆ کە دوو کۆڵەکەی تری گرێبەستن بوونیان نیە و نارەوان و پێچەوانەی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتین.

## ٢-٣ بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی

دوای ئەوەی کە لە تەوەری یەکەم بۆمان دەرکەوت کە بەرپرسیاریەتی جادووگەر و فاڵچی ناکرێت گرێبەستی بێت، ئەوا لەم تەوەرەدا ڕادەی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی جادووگەر و فاڵچی و جادوو خواست دیاری دەکەین وە لەم ڕووەوە بڕیار دەدەین لە هەموو ئەو کۆڵەکانەی کە مەرجن بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە هەژمار بکەین بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی.

بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لەسەر بنەمای چەند مانا و چەمکێک دێتە باسکردن کە لە ڕووی یاساییەوە پێناسە دەکرێت بەوەی کە سزای سەرپێچی کردنی پابەندییەکی یاساییە کە دەسەپێنرێ بەسەر هەموو کەسێک دا کە ئازاری یەکتر بدەن و زیان بەیەکتر بگەیەنن (الذنون، 2006، لا74).

وە لە پێناو ڕوونکردنەوەی زیاتر پێناسەیەکی دی دەخەینە بەر باس و گفتوگۆ کە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی پێناسە دەکات بە پابەندبوونی کەسێک بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە کرداری کەسییەوە هاتوون یان کرداری ئەوانەی لەژێر چاودێری ئەودان یان کرداری ئەوانەی لەژێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاودێری یان کۆنترۆڵی ئەو کەسانەدان یان هەر کردارێکی زیان بەخش بۆ سەر ئاژەڵ یاخود بۆسەر بینا یاخود شــتی تری نازیندوو لەو ســنورانەی کە یاســا دایناوە (الحكيم، البكري و البشــير، 1980، لا198) وە ڕوونتر بڵێین هەر کردەوەیەکی دەرچوو لە مرۆڤەکانەوە بە زەرەر گەیاندن بە کەســێکی ترەوە دەکەوێتە ژێر باری بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی (عباس، 2010، لا33).

وە شایەنی باسە بنەما یاساییەکان، ماف و پابەندبوون دروست دەکەن، بە شێوەیەک کە پێشێلکردنی هەر پابەندییەک کە یاسا سەپاندوویەتی بەسەر کەسەکاندا، کە لە ئەنجامی ئەو پێشێلکاریەوە زیانی بە کەســانی تر گەیاند بێت، بەرپرســیاریەتی کەمتەرخەمی لێدەکەوێتەوە (إبراهيم، 2019، لا7)، وە بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لە دەرئەنجامی کردنی کارێکی ناڕەوا کە بەهۆیەوە زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت کە ئەمەش پێویستی بە لە ئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتیە هەیە و قەرەبووکردنەوەی زیانەکەی پێویســتە، دەکرێ بڵێین ئەم بەرپرســیاریەتیە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی مرۆڤەکانە لە هەڵســەنگاندنی بارودۆخەکان، یاخود چاودێری و ئاگاداری پێویســت، وەکردنی کردەوەیەک کە زیان بە کەسانی تر دەگەیەنێت (الحسن، 2010، لا242).

کەواتە بەرپرســیاریەتی کەمتەرخەمی بەهۆی ئەنجام دانی کارێکی دیاریکراو یان خۆ دزینەوە و نەکردنی کـارێکی دیـاریکراو کە هۆکـار بووە بۆ کەوتنەوەی زیـان، کەســی کەمتەرخەم قبوڵی دەرەنجامی کەمتەرخەمیەکەی دەکات و بەرپرسیار دەبێ بە قەرەبووکردنەوەی کەسی زەرەرمەند.

بەشێوەیەکی گشتی حاڵەتێکە دروست دەبێ لە دەرەوەی پەیوەندی گرێبەستیەوە وە سەرچاوەکەی یاســـایە ، کە کەســـەکان ســـەرپێچی دەقی یاســـایان کردووە لە ئەنجامی کردەوەکانیان زیانیان گەیاندووە بە کەسانی تر لەسەر بنەمای شکاندنی پابەندی یاسایی، وەپابەندییەکەش یەک پابەندییە و ناگۆڕێ بەگۆڕانی دۆخەکان کە بریتییە لە پابەندبوون بە زەرەر نەگەیاندن بە کەسانی تر (مصطفى، 2011، لا27).

شـــایانی باســـە کە بەرپرســـیاریەتی کەمتەرخەمی لەســـەر ســـێ کۆڵەکەکەی بنچینەیی دانراوە کە تەواوکەری یەکترن و هیچ کامیان لەوەی تر جیاناکرێتەوە، ئەم کۆڵەکانە بنچینەی بەرپرســـیاریەتی کەمتەرخەمی دەردەخەن، وە هەموو لایەنەکانی پەیوەســـت پێیەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەوانیش هەڵە و زەرەر و پەیوەندی هۆکاری نێوانیان (البكري، 2017، لا32).

هەروەک پێشـــتر کە لە تەوەری یەکەمدا بۆمان ڕوون بۆوە کە بە هیچ شـــێوەیەک بەرپرســـیاریەتی جادووگەر و فاڵچی و هاوکارانی گرێبەســـتی نابێت لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باســـمان کرد، کەواتە کارەکـانیـان پێچەوانەی دەقی یـاســـان و پێچەوانەی پەیڕەوی گشـــتی و ئـادابن، لەبەر ئەم هۆیە بەرپرسـیاریەتی جاودووگەر و فاڵچی و هاوکارانی بەرپرسـیاریەتی کەمتەرخەمیە، پاڵپشـت بە برگە (١) لە مادده (٦١) لە یاسای شارستانی عێراقی (هەر شتێک بە سروشتی خۆی یان بە گوێرەی یاسا دەرنەچێت لە مامەڵەکردن دروسـتە ببێتە بنگە بۆ مافە داراییەکان)، وە مادده (٢٠٤) لەهەمان یاسـادا لەسەر جێبەجێ دەبێت، لەبەرئەوەی بارودۆخی جادووگەر و فاڵچی لە یاسایەکی تایبەت باسی لێوە نەکراوە و بە گەڕانەوەمان بۆ ڕێسا گشـتیەکان کە یاسـای شـارسـتانی ئەم ماددەی لەسـەر جێبەجێ دەبێ، لەبەرئەوەی ئەم مادەیە بەرێسایەکی گشتی بۆمانی خستۆتە ڕوو، کە هەر کارێکی دەستدرێژی ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە کەسـێک پێویسـتە قەرەبوو بکرێتەوە، وە مەرجی کردووە کە ئەو کارەی کەســـی بەرپرس ئەنجامی داوە مافی نەبێت لە ئەنجامدانی (المیاحی، 2021، لا11)، بەڵام ئەگەر کارەکەی گونجاو و یاســـایی بێت ئەوا بەرپرس نابێت، چونکە کاری ڕێپێدراو خاوەنەکەی بەرپرس ناکات ئەگەر زۆرداری تێدانەبێت (القانون المدني العراقي: المادة(6)، 1951)، هاوکات یـاســـای مامەڵەکانی شارستانی سودانی لە مادده (١٣٨) ئاماژە بە کردەوەی کەسێک دەکات کە (هەر کارێک کە زیان بە کەســـانی تر بگەیەنێت پێویســـتی بە قەرەبوو کردنەوە هەیە تەنانەت ئەگەر لە کەســـانی ناجیاکاریش بێت)، بێگومان یاسای شارستانی ئیماراتی بێبەش نیە لە تیشک خستنە سەر ئاماژەدان بە کردەوەی کەسەکان و خستنەوەی زەرەر و دەقی مادە (٢٨٢) ی بۆ تەرخان کراوە کە (هەموو زەرەر گەیاندنێک بە کەســـانی تر پێویســـتە بکەر پابەند بێ تەنانەت ئەگەر جیاکاریش نەبێت بە گرەنتی کردنی زیانەکە).

لەم ماددانەی ســـەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نابێ هیچ کەســـێک زیان بە کەســـانی تر بگەیەنێت بە پێچەوانەوە قەرەبووکردنەوەی دەکەوێتە ئەســـتۆ کە بەهۆی پێشـــێـل کردنی دەقی یـاســـا، کە مەبەســـتـیـش لە زیـان ڕەنـگـدانەوەی ئەو ئـازارانەیە کە بەر کەســـی زەرەرمەنـد کەوتووە کە قەرەبووکردنەوەی پێویســـتە کە پەیوەنـدی بە مـافێـک لە مـافەکـان یـاخود بەرژەوەنـدی کەســـی زەرەرمەندەوە هەیە جا لەســەر لایەنی دارایی بێ (ماڵ و ســامانی) بێت یاخود جەســتەی بێ یاخود

شــەرەفی یان لەســەر ئازادییەکەی کە زیان وەک بنەڕەتێکی گرنگ کەســی زەرەرمەند بەهۆیەوە دەتوانێت داوای قەرەبوو بکات (عیسی، 2014، لا219).

وەک ئاماژەمان پێدا کە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی بە یاســای تایبەت ڕێکنەخراوە، بەڵام بە گەڕانەوەمان بۆ ڕێسا گشتیەکانی یاسای شارستانی کە فراوانن و هاوسەنگیان دروستکردووە لە حاڵەتی هاتنە کایەی هەر ئاریشــە و گرفتێک کە دێتە ئاراوە و نەبوونی دەقی تایبەت لەبارەیەوە (Bayles,2012, P11)، بەگوێرەی دەقی ماددەی هەر سێ یاسای ئاماژەپێکراو ئەو کەسانەی ڕوو دەکەنە جادووگەر و فاڵچی، دەســت درێژیان دەکرێتە ســەر و زەرەرمەند دەبن بەهۆی کردەوەکانی فاڵچییەوە وە شایانی قەرەبوو کردنەوە دەبن بەهۆی پێشێلکردنی دەقی یاسا لە لایەن فاڵچیەوە کە نابێ زیان بە کەســانی تر بگەیەنرێت (القانون المدني العراقي: المادة (204)، 1951)، بەڵام کەســی زەرەرمەندی قوربانی دەســتی جادووگەر و فاڵچی لەپێناو شــایســتە بوونی بە قەرەبووکردنەوە پێویسـتە زیانەکەی ڕاسـتەوخۆ بەهۆی کاری جادووگەرەوە زەرەرمەند بێت (غانم، 1966، لا260)، وە خودی خۆی داوای قەرەبوو بکاتەوە لە حاڵەتی مردنی دا میراتگرەکانیش دەگرێتەوە (الحكيم و آخرون، 1980، لا213)، وە پێشــتر قەرەبووی وەرنەگرتبێ لەســەر هەمان بابەت وە زیان بە بەرژەوەندیەکی دارایی قوربانیەکە بکەوێت (سـلیمان، 2005، لا162)، وە لە ڕاسـتیدا کەسـەکە زەرەرمەند بوو بێت واتە زیانێکی ڕاستەقینە بوونی هەبێ (الجوهری، 2010، لا129).

بۆیە لە هەموو ئەوانەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێ کە بە گوێرەی بەندەکانی یاسای شارستانی یاسا بەراوردکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە کەسی فاڵچی بەرپرسیار دەبێ بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی بەهۆی پێشــێلکردنی دەقی یاســا و زەرەرگەیانـدن بە کەســێکی تر، کە خاڵی ســەرەکی لە بەرپرســیاربوونی کەســی فاڵچی لە پەیوەندی نێوان فاڵچی و جادووخواســت دا بریتییە لە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ناڕەوا کە بۆتە سەرچاوەی دروستکردنی زیان، کە ئەمەش بەدەست درێژی کردن هەژمار دەکرێت و پێشــێلکردنی دەقی یاســایە، لەمەوە کەســی فاڵچی بەرپرســیار دەبێ بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤- بنچینەی یاسایی بەرپرسیارییەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتیدا

بەرپرســـیاربوون لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتیدا بێگومان بنچینەیەکی هەیە کە لە دوو تەوەردا دەیخەینە بەر شـرۆڤەکردن و لە دوا کایەشـدا دیاریکردنی ئەوەی کە هەڵە یاخود زیان بنچینەی ئەم بەرپرسـیاریەتی یە، وە ئەم بابەتە مشـتومڕێکی زۆری لەسـەرە کە تاوەکو ئێسـتاش یاسـاناسـان و توێژەران هەندێکیان لەگەڵ هەڵەدان وە هەندێکیان لەگەڵ زیانن" وە ڕا هەیە کە هەردووکیانن بەو بڕوایەی کە ناکرێ بەرپرسیاریەتی هەبێ بە بێ هەڵە وەناشکرێ بەرپرسیاریەتی هەبێ بەبێ زیان، وە هەڵەو زیان لە ڕکابەری یەکتردان بۆ دیاریکردنی بنچینەی بەرپرســیاریەتی شــارســتانی کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی لە خوارەوە لە دوو تەوەردا ڕوون دەکەینەوە:-

### 1-4 هەڵە وەک بنچینەی بەرپرسیاریەتی لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی

بیرۆکەی هەڵە وەک بنچینەی بەرپرســیاریەتی شــارســتانی وەک کارێکی نایاســایی و زیانبەخشــی پێچەوانەی یاسا پێناسە دەکرێت، ئەم تێڕوانینە لە فەلسەفەی یاساییەوە سەرچاوە دەگرێت دوور لە دەســتەواژەکانی پڕۆســەکە، بیرۆکەی جیاواز هەیە کە دەگۆڕێن بۆ دیاریکردنی مانای هەڵە کە زۆر ووردن لە وێژەی هاوچەرخ و دادپەروەریدا، هەر لەو ڕوانگەیەوە هەڵە لادانی کەســێکە لە ڕەفتارە ئاشناکان کە لە لایەن یاساوە داواکراوە وە زانینی دەرئەنجامی ڕەفتارەکەی، هەر بۆیە بەرپرسیاریەتی لەســەر بنەمای بیرۆکەی هەڵە لەســەر بنەمای ڕەفتاری دەرەوەیە کە بووەتە هۆی زیان گەیاندن بە کەسانی تر (عیسی، 2014، لا137).

گومان لەوەدا نیە کە ڕەفتاری کەســێک تەنیا بە هەڵە وەســف دەکرێت کاتێک خۆی لە خۆی دا گوزارشـت لە لادانێک و پێشـێلکردنێکی یاسـایی دەکات وە ڕەفتارەکەی دەچێتە چوارچێوەی هەڵەوە (المسـلمانی، 2020، لا166)، کەواتە دانانی هەڵە بە بنچینەی بەرپرسـیاریەتی شـارستانی ناوەڕۆکی دیاری دەکرێ بەگوێرەی کردەوەی ئەو کەســە، واتە ڕەفتار پێوەرە بۆ دیاریکردنی کردەوەی بکەر، وە ئایا ئەو کەســە لە ڕەفتاری خۆی لایداوە لە پێوەری کەســێکی مامناوەند، واتە بەرپرســیاریەتی شارستانی دەبەسترێتەوە بە ڕەفتاری بکەر کە تا چەند لایداوە لە ڕێرەوی کەسێکی ئاسایی، جا ئەگەر کەسـەکە کەمتەرخەم بوو ئەوە دەبێ ئەو کەسـە پابەند بێ بە بەرپرسـیاریەتی کەمتەرخەمی، کەواتە بەرپرسـیار دەبێ بەرامبەر ئەو کەسـەی زیانی پێگەیشـتووە، بەواتایەکی تر گرنگ ئەوەیە کەسـەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵەی کردوە و لایداوە لە ڕەفتاری ڕێپێدراو، بۆیە لەسەر ئەم بنچینەیە بەرپرسیار دەبێ، واتە گەر هەڵە بنچینە بێ بابەتەکە مەسەلەیەکی کەسییە کە بە گوێرەی ڕەفتاری کەسەکان دەگۆڕێ ، واتە لە هەموو کەسێکدا وەک یەک نیە ، بەڵکو بە گوێرەی ڕەفتاری کەسەکە بەرپرسیاریەتیەکەی دیاریدەکرێت.

بێگومان کۆمەڵە ڕایەک هەن کە هەڵە دادەنێن بە بنچینە بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی کە کۆمەڵێک پاساویان هەیە کە ئەمانەن:-

پاساوی یەکەم: زانای فەرەنسی بلانیول دەڵێ (بیردۆزی هەڵە گرینەیەکی دادپەروەریە، وە بەرپرسیارییەتی شارستانی بەبێ هەڵە، مانای نادادپەروەرییە ، وە پرسی کەسێک لە یاسای شارستانی دا بەبێ هەڵە کردن وەکو ئەوەیە یاسای سزادان دا، بێتاوانێک سزا بدەین) (طه، 1984، لا71).

پاساوی دووەم:- لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە پێوەری تاکەکەسییەکان هەڵەی یاسایی و هەڵەی ڕەوشتی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، کەسەکە هەست بکات هەڵەیەکی ڕەوشتی کردووە لە پاڵ یاساییەکەدا ، هەست کردن بە هەڵەکردن و لادان لەو پابەندیەی لەسەریەتی، وە بە بەدڕەوشتی دانانی کردەوەی کەسەکە وە لادانی ڕەفتاری کەسەکە بۆتە هۆی دروست بوونی زیان (حسين، 2014، لا287).

پاساوی سێیەم:- هەڵە بە بەرژەوەندی کۆمەڵگە دەبەستنەوە، کە دەڵێن بەرپرسیاریەتی شارستانی دەکرێ بنیات بنرێ لەسەر زیان بە بێ ئەوەی هەڵە هەبێ ، کە ئەمەش بەربەستێکە لەبەردەم بەرژەوەندی کۆمەڵگە بە شێوەیەک کە هەرکەسێک زیانی پێبگات بەبێ ئەوەی ئەو کەسەی تر هەڵەی کردبێ تەنها مافی خۆی بەکارهێنابێ ، بەڵام زیان بەکەسێکی تر گەیشتووە و لێپرسینەوەی لێبکرێ، وا لە خەڵکەکان دەکات نەتوانن هیچ کارێک بکەن لە ترسی ئەوەی زیان دروست بێ لە ئەنجامی کردەوەکەی (طه، 1984، لا72).

لێرەدا پێمان وایە کە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتی ناکرێ لەسەر بنەمای هەڵە بڕیاری بەرپرسیاربوونی شارستانی بدرێ ، وەهاوڕانین کە هەڵە بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی بێت بە شێوەیەک کە ئەگەر هەڵە هەژمار بکرێت بە بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی ئەوە جێگەی ڕەخنەیە ، چونکە ئەگەر هەڵە بنچینە بێت، هەڵەی جادووگەر و فاڵچی ئەوەیە کە لایدابێ پابەند

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەبووبێ بە دەقێكی یاسایی كە لە یاسای شارستانیدا دانرا بێت و ڕێكخرا بێ ، كە ئەمەش بوونی نیە لە هەریەک لە یاسا بەراوردكارییەكانی ئەم توێژینەوەیە باسنەكراوە ئەمە لەلایەک، لەلایەكی تر پێویستە بەرژەوەندی كەسی زەرەرمەند لە كارەكانی جادوو و فاڵچیەتی لەبەرچاو بگیرێت و پێش بخرێت، وە ناكرێت زەرەرمەند بەبێ قەرەبوو بمێنێتەوە، چونكە ئەركی سەلماندنی كارەكانی جادوو و فاڵچی قورسە بۆ زەرەرمەند ، هەروەها بەستنەوەی یاسا و ڕەوشت بە یەكترەوە جێگای ڕەخنەیە، چونكە بنەماكانی ڕەوشت بواری خۆی هەیە و یاساش بواری خۆی هەیە ، واتە دوو شتی لێک جیاوازن، هەرگیز هاوتای یەک نین، هەر وەک زانای ڕۆمانی (پول) دەڵێ (ئەوەی كە یاسا ڕێگەی پێدەدات مەرج نیە هەموو كارێک لەگەڵ ڕەوشت دا بگونجێت ) (هەمان سەرچاوە، لا92).

لە دوا كایەدا دەڵێین كە بەرپرسیاریەتی شارستانی وە بە ووردی بەرپرسیاریەتی كەمتەرخەمی لە كارەكانی جادوو و فاڵچییەتی ناكرێ لەسەر بنەمای هەڵە بنیات بنرێ ، وە هەڵە بنچینەی بەرپرسیاریەتیان نیە، بەڵكو لە بەرژەوەندی زیانمەندە كە زیان بكرێتە بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی كارەكانی جادوو و فاڵچییەتی كە ئەوەش دەكەین بەسەرباسی بابەتی داهاتوو .

## 2-4زیان وەک بنچینەی بەرپرسیاریەتی لە كارەكانی جادوو و فاڵچییەتی

لایەنگرانی ئەو ڕایەی كەوا زیان بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی دادەنێن ڕەچاوی بەرژەوەندی زەرەرمەند دەكەن نەوەک هەژماركردنی كردەوەی كەسەكە بە هەڵە، واتە كەسێک بەرپرس دەبێ بەرامبەر كەسێكی تر لە كردنی هەر كارێكی كە ببێتە هۆی زیان گەیاندن پێی ، وە بەرپرسیار بوونیان بەگشتی لەسەر بنەمای گریمانە كردنی هەڵەیە (عیسی، 2014، لا176).

واتە لای ئەوان بەرژەوەندی زەرەرمەند لەسەروو هەموو شتێكەوەیە كە دەڵێن پێویستە پێش هەموو شتێک بەرژەوەندی كەسی زەرەرمەند لێک بدەینەوە وە نابێ چاوەڕێی هەژماركردنی كردەوەی ئەو كەسە بكەین بە هەڵە سەرەڕای زەرەرمەند بوونی، لێرەدا بۆیە زەرەر كراوە بە بنچینە ، چونكە بەرژەوەندی كەسی زەرەرمەند پێش بەرژەوەندی بكەری هەڵەیە.

بێگومان لایەنگرانی ئەم ڕایەش كۆمەڵێ پاساویان هەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی كە زەرەر بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانیە كە ئەمانەی خوارەوەن (طە، 1984، لا124):-

١-بنەماكانی دادپەروەری و ڕەوشتی: بنەماكانی دادپەروەری و ڕەوشتی واناخوازێ كەوا كەسێک بەرپرسیار بكرێ لەسەر شتێک كە كردەوەكەی هەڵە نیە وە ناچاری بكەی بە قەرەبووكردنەوە

هەرچەندە لە ئەنجامی کردەوەی ئەو کەسەش تووشی زیان بووە، بەڵکو بنەماکانی دادپەروەری و ڕەوشتی وادەخوازێ کەوا هەموو کەسێک دەبێ دەرەنجامی کردەوەکەی خۆی بگرێتە ئەستۆ.

٢- ئارەزووی مادی لە یاسادا: لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدا لەلایەن زاناکانی ئەڵمانییەوە پاشان لە فیقهی ئەڵمانی گوازرایەوە بۆ فیقهی فەرەنسی ، کە بەگوێرەی ئەم پاساوە بە هیچ شێوەیەک تیشک ناخرێتە سەر نیازی ناوەوە، واتە لای ئەوان نیاز گرنگ نیە ، بەڵکو ڕووکاری دەرەوە گرنگە وە گرنگی نادات ئایا کردەوەکەی بە مەبەست بووە یان فێڵی لەگەڵ بووە ، بەڵکو سەیری ڕووکار و ڕواڵەتی دەرەوە دەکرێ کە کردەوەیەک هەیە لە ئەنجامی ئەو کردەوەیەش زیان گەیشتووە بە کەسێکی تر، کە ئەمیش ڕێک لەگەڵ کردەوەکانی جادووگەر و فاڵچی دەگونجێ کە فرت و فێڵی لەگەڵ بەکاردێ، تاکو جادوو خواست ڕازی بکات.

٣- بنەماکانی تیۆری دانراو لەیاسای تاوانیدا (مبادیء النظریة الوضعية في القانون الجنائي): پرەنسیپەکانی تیۆری دانراو پاساوێکە بۆ ئەوەی زیان بکرێ بە بنچینە بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی، ئەم تیۆرە زۆر گرنگی بە کۆمەڵگە دەدات بە شێوەیەک ئەگەر کردەوەیەک زیانی بە کەسێک گەیاند واتە زیانی بە کۆمەڵگە گەیاندووە ، چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی پشێوی و ناسەقامگیری ، بەو بڕوایەی کە سزا لە یاسای تاوانکاریدا (القانون الجنائي) بە مانای سزا نیە، وەکو تۆڵە لەسەر تاوانبارێک سزاکە بە ئەندازەی هەڵە و گەورەیی هەڵە نیە وە بە ئەندازەی نیازی تاوانبارەکەش نیە، هەر کاتێک ئەگەر سزا دانرا بە سزای تاوانباری ئەوە دەبێ سزاکە بە ئەندازەی هەڵەکە بپێوین ئەو کات هەڵە دەبووە پێوەر ،بەڵام لێرەدا پێچەوانەکەی ڕاستە.

٤-بۆچوونی قوتابخانەی مێژوویی لە یاسادا : بە پێی ئەم قوتابخانەیە یاسا لە دایک بووی ژینگەیە، وە بەرهەمی پێشکەوتنە ، وە کۆمەڵگا دەگۆڕێ بە گوێرەی ژینگە و پێشکەوتنەکەی، هەر بۆیە کاتی خۆی هەڵە بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی دانرابوو، وە بۆ ئەو کات دەکرا ڕاست بێت بۆ سەردەمەێك کە جیهان ئەوەندەی ئێستا پێشکەوتوو نەبوو، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی جەنجاڵیەوە زیان زۆر بووە کە وایکردووە هەڵە ناتوانێ ڕووپۆشی ئەو هەموو ڕووداوانە بکات کە لە ئێستادا لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥- ئارەزووی سۆشیالی لە یاسادا: خاوەنی ئەم بیرۆکەیە و لایەنگرانی زۆر بە سادەیی دەڵێن پێویستە هەموو هاوڵاتیان بەشدار بن لە داهاتی وڵات، وە زیان دەبەستنەوە بە بەرژەوەندی کۆمەڵگا کە یاسا پارێزگاری مافێک دەکات کە بۆ کەسەکە نیە بەڵکو بۆ کۆمەڵگایە.

لەڕاستیدا کردەوەکانی جادووگەر و فاڵچی تەنها لێکەوتەکەی بۆ کەسی جادوو خواست نی یە، بەڵکو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا هەیە ، وە پشێوی و شپرزەیی لە کۆمەڵگادا دروســـت دەکات، بۆیە بەرژەوەندی کۆمەڵگا وا دەخوازێت کە جادووگەر و فاڵچی ســـزا بدرێن تاکو ســـەقامگیری بەرقەرار بێت، ئەمەش ئەو کاتە دەبێت کە زەرەر بکەینە بنچینەی بەرپرســـیاریەتی شارستانی کەسی جادوو و فاڵچی.

شـایانی باسـکردنە کەوا مادده (١٣٨) لە یاسـای مامەڵەکانی شـارسـتانی سـودانی (قانون المعاملات المدنية السوداني: المادة (138)، 1984)، وە لەبەرامبەردا مادده (٢٨٢) لە یاسای شارستانی ئیماراتی دا دڵنیایی دەداتەوە کە زیان بنچینەیە بۆ بەرپرسـیاریەتی شـارسـتانی کە ڕێسـایەکی گشـتیە کە هەر کارێک زیان بە کەسـانی تر بگەیەنێت پێویسـتـی بە قەرەبوو کردنەوە هەیە ، ئەمەش لەسـەر بنەمای شـەریعەتی ئیسـلامیە کە لە گۆڤاری ئەحکامە دادیەکان ئاماژەی پێکراوە لە مادده (١٩) لەسـەر ڕێسای (نە زەرەردەر وە نە زەرەرلێدراو)، وە لە مادده (٢٠) دا (زەرەر بە هاوشـــێوەی خۆی لادەچێت) (مجلة الأحكام العدلية، 2010، لا26).

لە یاسـای شـارسـتانی عێراقیدا وە لە بڕگەی یەکەمی مادده (١٨٦) هەڵەو زیان لەخۆ دەگرێت، کە لەم دەقەدا باسی دوو کەس کراوە کە ڕاستەوخۆکار (المباشر) هەمیشە گەرەنتیکارە ، ئینجا کردەوەکەی بە مـەبەســـت بێ یـاخود دەســـت درێژیکردن بێـت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە زیـان بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانیە، بەڵام بەگوێرەی بڕگەی دووەم ئەوا یاسادانەر هەردوو ڕاستەوخۆکار و هۆکاری بەیەکەوە کۆکردوەتەوە و هەردوکیانی بەرپرس کردوون (طه، 1971، لا454).

هەر لەهەمان یاسـادا دوای ووردبوونەوەمان بۆ مادده (٢٠٢) بەگوێرەی ئەم ماددەیە بەرپرسـیاریەتی شـــارســـتانی لەســـەر بنەمای زیان بنیات ناوە بە بێ ئەوەی ئاماژە بە هەڵە بکات ، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر کاری جادووگەر و فاڵچی ڕاستەوخۆ بووە هۆی کوشتنی کەسەکە یان بریندارکردنی یان هەر زیانێکی تری پێبگەیەنێت ئەوە بەرپرسیار دەبێ بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لەسەر بنەمای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەوتنەوەی زیان لەئەنجامی جادوو و فالەوە ، وە بەرپرسیاریەتیەکەشیان بەرپرسیاریەتیەکی کەسی یە، وە مادده (۲۰۳) بەهەمان شێوە ئاماژەیە بە زیان وەک بنچینەیەک بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی.
لەکۆتاییدا وە لەدوای ئەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوە و ئاماژەدان بەدەقە یاساییەکانی هەر سێ یاسای ئاماژەپێکراو ، پێمان وایە کە زیان بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانیە لە کارەکانی جادوو و فاڵچییەتیدا، چونکە بەهۆی لێهاتووی جادووگەر و فاڵچی لە کارەکەیدا وە بوونی شێوەی جیاواز لە ئیشەکانیدا کە کۆنترۆڵ کردنی ئەستەمە، وە کارەکانی فاڵچی ئەوەی بچێتە چوارچێوەی هەڵەوە بابەتێکی باسنەکراوە، بۆیە هەڵە پاڵپشتییەکی بەهێز نیە تا بکرێتە بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی، وە ئەگەر هەڵە بکرێتە بنچینە ناتوانرێت کەسی قوربانی دەستی فاڵچی قەرەبوو وەربگرێتەوە بەهۆی قورسی سەلماندنی هەڵەوە بە تایبەت کە لە ژوورە پەنهانی و تاریکەکاندا فاڵچی کارەکانیان ئەنجام دەدەن کە سەلماندنی کارێکی لەو جۆرە لە بەرژەوەندی کەسی قوربانی دا نیە.

## ٥- کۆتایی

پاش کۆتایی هاتنی توێژینەوەکەمان بەناونیشانی (ڕادەی بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتیدا) گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار، کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:-

### 5-1دەرەنجامەکان

١- زۆرێک لە زانایان جیاوازیان کردووە لە نێوان دەستەواژەی جادوو و دەستەواژەی فاڵچیەتی، سەرەڕای هاوڕابوونمان بەوەی کە لە ڕووی چەمک و تێگەیشتنەوە لەیەکتر جیاوازن ، بەڵام توێژەر دەستەواژەی جادوو و فاڵچیەتی وابەستەی یەکتر کردووە ، بەهۆی بوونی هەمان لێکەوتەی یاسایی.
٢- کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی بوونێکی مادیان هەیە بەهۆی بوونی کەسی فاڵچی کە ئەندامێکی چالاکە لەم کارەدا، وە کەسی جادوو لێکراو وە کەسی زەرەرمەند وە ئەو ئامرازانەی بەکاردێ لەم کارەدا کە بەرجەستەن و هەست پێکراو و بینراون، وەک ئەنجام دانی کردەوەکانیان لەسەر کاغەز یاخود هێلکە یاخود قفڵ و کلیل و کۆمەڵێک ئامرازی تر کە سنوردار نین .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣- لە شرۆڤەکردنی گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتیدا گەیشتین بەوەی کە بەرپرسیاریەتی شارستانی فاڵچی یاخود جادووگەر بە بەرپرسیاریەتیەکی گرێبەستی هەژمار ناکرێ، هەرچەندە یەکێک لە کۆڵەکەکانی گرێبەست کە ڕەزامەندیە بوونی هەیە لەو کارەدا، بەڵام بنگە و هۆ کە دوو کۆڵەکەی تری گرێبەستن بوونیان نیە وە کارەکانیان بە پێچەوانەی سیستەمی گشتی و ئادابن و ناڕەوان.

٤- بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی دا بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لێدەکەوێتەوە بەهۆی کردنی کارەکانی فاڵچی کە کارێکی ناڕەوایە بەهۆیەوە زیان بە کەسانی تر دەگات کە ئەمەش پێشێلکردنی دەقی یاسایە کە نابێ زیان بە کەسانی تر بگەیەنن پاڵپشت بە بڕگەی یەکەمی دەقی مادده (٦١) ، وە مادده (٢٠٤) لە یاسای شارستانی عێراقی وە مادده (١٣٨) لە یاسای مامەڵەکانی شارستانی سودانی وە مادده (٢٨٢) لە یاسای مامەڵەکانی شارستانی ئیماڕاتی دا، لەمەوە فاڵچی بەرپرسیار دەبێ بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لەسەر بنەمای شکاندنی پابەندی یاسایی، کە سەرپێچی دەقی یاسای کردووە کە نابێ زەرەر بە کەسانی تر بگەیەنێ.

٥- بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی لە کارەکانی جادوو فاڵچیەتی دا لەسەر بنەمای زیان بنیات دەنرێ، هەڵە ناکرێ بە بنچینەی بەرپرسیاریەتی، چونکە لە بەرژەوەندی زیانمەند دایە کە زیان بکرێتە بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی، وەبەرژەوەندی کەسی زیانمەند پێش بەرژەوەندی بکەری هەڵەیە، بەهۆی ئەوەی کە ئەگەر هەڵە بکرێتە بنچینە ناتوانرێ کەسی قوربانی دەستی جادووگەر و فاڵچی قەرەبوو وەربگرێتەوە بەهۆی قورسی سەلماندنی هەڵە، کە سەلماندنی کارێکی لەو جۆرە لە بەرژەوەندی قوربانیدەردا نیە.

## 2-5ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک ڕاسپاردەو بەهیوای ئەوەی کە یاسادانەری عێراقی و هەرێمی کوردستان پێی وەربگرن کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

١- پێشنیار دەکەین کە هەرسێ ماددەی (٧٤ ، ٧٥ ، ١٢٦) لە یاسای شارستانی عێراقیدا کە تایبەت کراوە بە بنگەی گرێبەست چڕ بکرێتەوە لە یەک مادەدا ، وە لادانی ئەو ووردەکاریەی کە لە دەقی مادده (٧٤) سەبارەت بە بنگە دراوە لە پێناو درێژەنەدان و پوخت کردنەوەی بابەتەکە و کەمکردنەوەی ئەو هەڵاوسانەی کە لە یاسای شارستانی عێراقیدا هەیە ، کۆکردنەوەیان لە یەک ماددەدا بەم شێوەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(دروســتە گرێبەســت بکرێ لەســەر عینێکی گوازراوە یان زەوی وزار یان هەر مافێکی دارایی تر، کە پابەندبوون پێوەی ڕێگری یاسایی نەبێت یان پێچەوانەی سیستەم و داب و نەریتی گشتی نەبێ).

٢- پێشنیار دەکەین کە بڕگەی دووەمی مادده (١٣٢) لە یاسای شارستانی عێراقیدا، کە تێیدا ئاماژەی بە گریمانەیی هۆکارداوە دەستەواژەی گریمانەیی لابرێت ، چونکە خۆی لە خۆیدا گریمانەکردنی هەر شتێک مانای ڕەنگە هەبێ وە ڕەنگە نەبێ ، لەمەشەوە ناتوانین بڕیار بدەین لەسەر پوچەڵ کردنەوەی گرێبەســت لەســەر گریمانەیی، وە بڕگەی یەکەم لە هەمان ماددەدا کاریگەری بڕگەی دووەم ناهێڵێت، وە هەڵوێستی یاسادانەر لە بڕگەی دووەم دا ناڕوونە، بۆیە پێشنیار دەکەین کە یاسادانەری عێراقی هەمان هەڵوێستی یاسادانەری سودانی و ئیماراتی بگرێتە بەر بۆ نەهێشتنی ئەم ناڕوونیە.

٣- لەبەر ئەوەی کارەکانی جادوو و فاڵچیەتی کارێکی مەترسیدارە وە هەڕەشەیەکە بۆ سەر تاکەکان و ئاسایشی کۆمەڵگا، ئێمەش لە لای خۆمانەوە بە نەبوونی هیچ ڕێنمایی و دەقێکی یاسایی تایبەت بەکارەکانی جادوو و فاڵچیەتی، وە نەبوونی هیچ پڕۆژە یاســایەکی تایبەت بەم بابەتە لە عێراق و هەرێمی کوردســتاندا بەگوێرەی زانیاریەکانمان ، بۆیە پڕۆژە یاســایەك دەخەینە ڕوو، بەڵکو ببێتە پێشینەیەک بۆ دەسەڵاتی یاسادانان تاکو بتوانن یاسای تایبەت بەم بابەتە دەربکەن.

## پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی کارەکانی جادووگەر و فاڵچی ژمارە ( ) ساڵی ٢٠٢٢

ماددەی یەکەم

پێناسەکان

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە کە لەم پڕۆژە یاسایەدا هاتوون ئەمانەی خوارەوەن :-

١-جادوو:- کردەوەیەکە یاخود وێناکردنێکە دەکرێت کە بە شــێوەی نوســراو یاخود زارەکی یان کردارەکی بە مەبەستی زاڵ بوون و دروست بوونی کاریگەری لەسەر کەسانی تر، بێ جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ و ڕەگەزی سێیەم.

٢-جادووگەر:- هەر کەســێکە کە بانگەشــەی زانینی غەیب یان نهێنیەکان دەکات، بەدەر لە توانای مرۆڤەکان وە گۆڕینی دۆخەکان و چارەسەری کێشەو زانینی داهاتووی کەسەکان بەهەر یەکێك لە ڕێگاکان.

٣- فاڵ:- بریتییە لە ئەنجام دانی کارێک یان کردەوەیەک، بە بەکارهێنانی چەند ئامرازێک لە ڕێگای خێرایی دەســتەوە، بە مەبەســتی هەڵخەڵەتاندنی بەرامبەرەکەی و باوەڕپێکردنی لە پێناو دەســتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرکردنی داواکاری و خەون و ئارەزووەکانی وە دەستکەوتنی قازانجێکی دیاریکراو لەلایەن فاڵچییەوە.

٤- فاڵچی:- کەسێکە لێهاتووە بە خێرایی و سووکی دەست، لە ڕێگای ئەنجامدانی چەند کردەوەیەک کە لەڕاستی دەچێت بە ڕێگای فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی چاوەکان، وە وا دەکات کە بەرامبەرەکەی باوەڕی پێبکات، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە بەرامبەرەکەی یاخود تەنها بۆ خۆشی.

٥- تەلیسمەکان:- هەموو ئەو هێڵ و دێڕ و نووسین و نیشانانەیە کە هیچ مانایەکی ڕوونیان نیە ، بەکاردێ لەلایەن جادووگەر کە بە شێوەی نوسراو لەسەر کاغەز یان هەر ئامرازێکی تر یاخود نەخشێنراو لەسەر هەر ئامرازێکی تر.

ماددەی دووەم

ئامانجی یاسا

ئامانج لەم یاسایە:

١- بەرەنگاربوونەوەی جادووگەر و فاڵچی و کارەکانیانە.

٢- پاراستنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەهەر دەستدرێژییەک لەلایەن جادووگەر و فاڵچی دەکرێتە سەریان و زیان بەخودی خۆیان یان بە ئاین و بیروباوەڕ و ئابڕو و سامان و هۆشیان دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی زاڵ بوون بەسەر ویست و نەستیان.

٣- پاراستنی کۆمەڵگا و ڕێگەگرتن لە تێکدانی کۆمەڵگا و بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری شپرزەیی تێدا لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی هزری ناڕەوا و نادروست.

ماددەی سێیەم

چوارچێوەی پیادەکردنی یاساکە

١- ئەم یاسایە پیادە دەبێت لەسەر هەموو کەسێک کە کاری جادوو و فاڵ بکات یان بانگەشەی بۆ بکات، وە هەر کارێکی تری پەیوەندیدار کە ببێتە هۆی یارمەتیدانیان لە کارەکانی جادوو و فاڵچیەتیدا وە مەبەست لێی زیان گەیاندن بێت.

٢- ئەم یاسایە پیادە نابێت لەسەر ئەو کەسانەی کە کاری جادوو و فاڵ دەکەن تەنها بە مەبەستی خۆشی و خستنەڕوو بێت کە لە شوێنە تایبەت و گشتییەکاندا ئەنجام دەدرێن.

ماددەی چوارەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرپرسیاریەتی جادووگەر و فاڵچی

١- بەرپرسیاریەتی دروست دەبێ لەسەر هەر کردەوەیەکی جادووگەر و فاڵچی که هۆکاری زەرەرمەندبوونی کەسانی تر بێت، بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی، وە لە پاش سەلماندندا کەسی زەرەرمەند دەکرێت قەرەبوو بکرێتەوە لە زیانی مادی و ئەدەبیدا.

٢- لەکاتی مردنی زەرەرمەند لە ئەنجامی کردەوەکانی جادوو و فاڵچی، ئەوا مافی قەرەبوو دەگوازرێتەوە بۆ میراتگرانی پلەیەک.

٣- گەڕانەوە بۆ ئەحکامە گشتیەکانی یاسای شارستانی لە کاتی پێویستدا.

ماددەی پێنجەم

سەلماندن لە کارەکانی جادووگەر و فاڵچیدا

دەکرێت کارەکانی جادووگەر و فاڵچی بە ڕێگاکانی سەلماندن بسەلمێنرێت کە پێچەوانەی دەقەکانی یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە (١٠٧) ساڵی ١٩٧٩ نەبێت.

ماددەی شەشەم

ئەحکامە سزاییەکان

جادووگەر و فاڵچی سزا دەدرێن لە کاتی پێشێلکردنی ئەم یاسایە بەم سزایانەی خوارەوە:-

١- بە پێبژاردنێک کە لە (٥ ٠٠٠ ٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠ ٠٠٠ ٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، و لە کاتی نەدانی سزاکەی دەگۆڕێت بۆ بەند کردنی سووك کە لە یەک ساڵ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

٢- بە پێبژاردنێک کە لە (١٠ ٠٠٠ ٠٠٠) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت لە (١٥ ٠٠٠ ٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و لە کاتی نەدانی سزاکەی دەگۆڕێت بۆ بەند کردنی سووك کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت.

٣- دەکرێت زیانمەند خۆی یان لە ڕێگای نوێنەری یاسایی یا بریکار بێ داوای قەرەبوو بکات لەبەردەم دادگا سزاییەکان.

ماددەی حەوتەم

بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ڕێنوێنی بۆ دیاریکردنی کارەکانی پەیوەندیدار بە جادوو و فاڵچیەتی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەکرێ.

ماددەی هەشتەم

هەر مەرجێك پێچەوانەی ئەحامەكانی ئەم یاسایە یاخود هەر دەقێكی یاسایی یان بڕیارێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە پوچەڵە و كاری پێناكرێت.

ماددەی نۆیەم

ئەم یاسـایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردسـتان) جێ بە جێ دەكرێت.

## هۆكارە پێویستیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە

پاڵپشـت بە بەندی (ئەلف) لە بڕگەی یەكەم لە ماددە (٢٩) لە دەسـتوری عێراقی فیدراڵی وە لەبەر نەبوونی دەقێكی یاسـایەكی تایبەت یان یاسـایەكی تایبەت بە قەدەغەكردنی كارەكانی جادووگەر و فاڵچی، وە لە پێناو پاراسـتنی تاكەكانی كۆمەڵگا و كۆمەڵگا لە كارەكانیان ، وە لە پێناو سـەقامگیری و هێمنی و ڕوونەدانی هیچ شپرزەیی و لێكترازانێك لەناو خێزاندا و پاراستنی، ئەم یاسایە دەركرا.

## لیستی سەرچاوەكان

**یەكەم:- كتێبە زمانیەكان**

1. الشويكي، د. مريم. (2015). *الاصطلاحات النحوية والصرفية عند المبرد في المقتضب وابن السراج*. الأردن – عمان: دار الجنان للنشر والتوزيع.
2. الجرجاني، عبدالقهار. (2004). *دلائل الاعجاز، قراءة وعلق عليه: محمود محمد شاكر*. ط القاهرة: مكتبة الخانجي.
3. الرازي، فخرالدين. (1411 هجري – 1981 ميلادي). *التفسير الكبير او مفاتيح الغيب*. (ط1)، دار الفكر للنشر.

**دووەم:- كتێبە یاساییەكان**

1. المسلماني، ابراهيم احمد. (2020). *المسئولية المدنية للخبير: دراسة تحليلية انتقادية*. الإسكندرية: دار الفكر الجامعي.
2. يوسف، أحمد عرفة أحمد. (2020). *التوازي في العقود وتطبيقاته المعاصرة - دراسة فقهية مقارنة*. الأسكندرية: دار التعليم الجامعي.
3. غانم، اسماعيل. (1966). *النظرية العامة للالتزام – مصادر الالتزام*. القاهرة: مكتبة عبدالله.
4. حسين، أنور يوسف. (2014). *ركن الخطأ في المسؤولية المدنية للطبيب، دراسة مقارنة*. (ط١)، المنصورة: دار الفكر والقانون.
5. طه، جبار صابر. (1984). *اقامة المسؤولية المدنية عن العمل غير المشروع على عنصر الضرر*، أربيل: منشورات جامعة صلاح الدين.
6. الذنون، حسن علي. (2006). *المبسوط في المسؤولية المدنية – الضرر*. بغداد: التايمس للطبع والنشر.
7. حسن، خليل أحمد. (2010). *الوجيز في القانون الجزائري*. (ط4)، الجزائر: ديوان المطبوعات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. ولي، سعيد الحسين عبد. (2014). ميكروسوسيولوجيا الجريمة من خلال الممارسات السحرية والشعوذية، *دراسة سوسيولوجيه أنثروبولوجية تبحث في علاقة الجريمة بالسحر والشعوذة تتبحث الاجتماعية*، العدد (٥)، تونس.
9. عيسى، صدقي محمد أمين. (2014). *التعويض عن الضرر ومدى انتقاله للورثة (دراسة مقارنة)*. (ط١)، القاهره: المركز القومي للاصدارات القانونية.
10. البكري، عبدالباقي. (1970). *شرح القانون المدني العراقي، مصادر الالتزام*. العراق - بغداد: بدون جهة النشر.
11. السنهوري، عبدالرزاق أحمد. (1952). *الوسيط في شرح القانون المدني نظرية الالتزام بوجه عام، الجزء الأول*. لبنان – بيروت: دار احياء التراث العربي.
12. الحكيم، عبدالمجيد و البكري، عبدالباقي و البشير، محمد طه.(1980). *الوجيز في نظرية الالتزام في القانون المدني العراقي، الجزء الأول*. بغداد: وزارة التعليم والبحث العلمي.
13. الحكيم، عبدالمجيد وأخرون. (1980). *الوجيز في القانون المدني العراقي، الجزء الأول*. بغداد: وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.
14. سليمان، علي. (2005). *النظرية العامة للالتزام*. (ط1)، الجزائر: ديوان المطبوعات.
15. العبيدي، عواد حسين ياسين. (2019). *تأويل النصوص في القانون، دراسة موازنة بالفقه الاسلامي ومعززة بالتطبيقات القضائية، المجلد 1* . (ط١)، القاهرة: المركز العربي للنشر والتوزيع.
16. الزهيرى، غزوان محمود غناوى. (2017). *اجراءات التنفيذ العينى الجبرى فى نقل حق الملكية العقارية*. (ط1)، الأدرن- المملكة الأردنية الهاشمية.
17. ابراهيم، غسق خليل. (2019). *المسؤولية المدنية الناشئة عن الاخلال بعقد المعلوماتية*. (ط1)، مصر: المركز العربي.
18. طه، غني حسون. (1971). *الوجيز في النظرية العامة للالتزامات، الكتاب الأول، مصادر الالتزام*. بغداد.
19. الساعدي، غني ريسان جادر. (2020). *الجديد في اشكاليات المسؤولية المدنية: دراسة مقارنة*. القاهرة: المركز العربي للنشر والتوزيع.
20. المياحي، فوزي كاظم. (2021). *القانون المدني العراقي فقها وقضاء، ج 6، الأعمال غير المشروعة التي تقع على النفس، التعويض*. بغداد: مطبعة السيماء.
21. العياري، كمال. (2017). *اتصال القضاء في المادة المدنية*. (ط1)، تونس: مجمع الأطرش للكتاب المختص.
22. الجوهري، كمال عبدالواحد. (2010). *الاستشارات القانونية والشكاوي والتظلمات وصيغ العقود ومذكرات التفاهم*. (ط1)، الكويت: المركز القومي للاصدارات القانونية.
23. البكري، محمد عزمي. (2017). *دعوى التعويض*. القاهرة: دار محمود للنشر والتوزيع.
24. المعموري، يوسف سعدون محمد. (2020). *التنظيم القانوني لعقد الصيانة في مشروعات البنية الاساسية، دراسة مقارنة*. (ط1)، دون مكان النشر: المركز العربي للنشر والتوزيع.

### سێیەم:- کتێبە گشتییەکان

1. السكري، عبدالسلام عبدالرحيم. (1407 هجري). *السحر بين الحقيقة والوهم في التصور الاسلامي*. الأسكندرية: دار الكتب الجامعية.
2. حمد، أحمد. (1408 هجري). *السحر بين الحقيقة والخيال*. (ط1)، مكة: مكتبة التراث.
3. الفهداوي، عبدالجليل ابراهيم حمادي. (2005). *خوارق العادات عند المسلمين*. بدون مكان النشر: دار الكتب العلمية.
4. بايرن، روندا. (2017). *السحر*. الرياض: مكتبة جرير للنشر.
5. ماحي، عبدالرحمن عمر. (1997). *المجتمع التشادي في عهد الاحتلال الفرنسي*. جامعة انديانا للنشر.

6. السكري، عبدالسلام عبدالرحيم. (1407 هجري). *السحر بين الحقيقة والوهم في التصور الاسلامي*. (ط1)، بدون مكان النشر: دار الكتب الجامعية الحديثة.
7. الذهبي، محمد بن أحمد عثمان. (2003). *الكبائر*. (ط2)، الإمارات: مكتبة الفرقان للنشر.
8. برعي، محمد عبدالله و المرسي، محمود عبدالحميد. (1995). *الادارة في الاسلام، المجلد 31*. السعودية: المعهد الاسلامي للبحوث والتدريب للنشر.
9. عبدالوهاب، ياسر و النبيل، أسامة. (2013). *ملاذ الحائرين في علاج السحر ولحسد والمس والقرين*. الأسكندرية: المكتب المصري الحديث للنشر.

**چوارەم:- نامەکانی ماستەر و دکتۆرا**

1. الحكمي، ابراهيم بن يحيى بن أحمد. (2004). *الحماية الجنائية من جريمة الشعوذة وتطبيقاتها في المملكة العربية السعودية، رسالة ماجستير*. السعودية – الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.
2. الموسى، حسين بن عبدالرحمن بن فهد. (2008). *الاثبات في جريمة السحر بين الشريعة والقانون، رسالة ماجستير*. السعودية: جامعة نايف العربية للعلوم الامنية.
3. عباس، صفاء شكور. (2010). *تعدد المسؤولين عن الدواء المعيب: دراسة تحليلية مقارنة في القانون المدني، رسالة ماجستير*. جامعة السليمانية.
4. سعد، محمد بن. (1994). *أحكام السحر في الفقه الاسلامي، رسالة الماجستير*. الرياض: جامعة الامام محمد بن سعود.

**پێنجەم:- توێژینەوەکان**

1. علي، بيداء عباس. (2017). السحر والتعاويذ: دراسة مقارنة في العهد القديم والوسيط. *بحث منشور في مجلة كلية اللغات*، العدد 35.
2. زكريا، رقراقي محمد. (2020). نزع الصفة العادية من اجراءات ابرام الصفقات العمومية في الجزائر. *بحث منشور في مجلة صوت القانون*، العدد( ١)، *المجلد السابع*.
3. الأحمد، محمد سليمان و عبدالكريم، د.عبدالكريم صالح. (2020). اشكالية السببية في اسناد الضرر الى اعمال السحر والشعوذة دراسة تحليلية في القانون المدني. *بحث منشور في مجلة الرافدين للحقوق كلية الحقوق، جامعة الموصل*، العدد (٧٣)، *المجلد (٢١)*.
4. منجد، منال مروان. (ربيع الثاني1440 هجري – ديسمبر2018). المواجهة الجنائية لجرائم السحر والشعوذة في قانون العقوبات الاماراتي. *بحث منشور في مجلة جامعة الشارقة للعلوم القانونية*. العدد (٢)، *المجلد (١٥)*.

**شەشەم:- یاساکان و ڕێنماییەکان**

1. القانون المدني العراقي، رقم (٤٠) لسنة 1951.
2. قانون الاثبات العراقي رقم (107) لسنة 1979.
3. قانون المعاملات المدنية السوداني لسنة 1984.
4. قانون المعاملات المدنية الاماراتي رقم (5) لسنة 1985 المعدل في 2020.
5. مجلة الأحكام العدلية.

**حەوتەم:- سەرچاوە بیانییەکان**

1. Cohan, J. A. (2011). The Problem in Witchcraft Violence in Africa Suffolc University Law Review. *XLIV*(4).
2. Markey, J. (1925-1926). A Redefinition of Social Phenomena: Giving a Basis for Comparative Sociology. *American Journal of Sociology*, *Vol31*.

3. Quarry me, M. (2011). Witchcraft: A Human Rights conflict Between Customary, Traditional Laws and the legal Protection of women in contemporary Sub-Saharan Affric, William and Mary journal of women and the law. 17*(2)*.
4. Bayles, M. D., (2012). Principles of Law; A Normative Analysis, *D. REIDEL PUBLISHING COMPANY*, TOKYO.

هەشتەم:- سەرچاوەی ئەلیکترۆنی
١- موقع مجلس القضاء الأعلى العراقي www.hjc.iq

# التكييف والاساس القانوني لمسؤولية الساحر والمشعوذ المدنية
## (دراسة تحليلية مقارنة )

## ملخص البحث

يعد السحر والشعوذة ظاهرة خطرة ومن الاعمال الخفية التي تجري في المجتمعات المختلفة، ومن قبل اشخاص لا يقصد من ورائها إلا الحصول على منفعة مالية من خلال استغلال اشخاص آخرين والحاق الضرر بهم، وهذه الاعمال ليست بجديدة إنما يرجع جذورها إلى العصور القديمة إلا أنها مستمرة لحد الآن، رغم أن هذه الأعمال تعتمد على خداع الآخرين واستغلالهم إلا أنها تتوقف على الوعى والمستوى الثقافي للافراد ومدى اعتقادهم بهذه الاعمال.

وجدير بالذكر ليس هناك نصوص خاصة في القانون المدني العراقي يعالج هذا الموضوع، كما ليس هناك قانون خاص أو تعليمات خاصة تحد من هذه الظاهرة الخطرة ومكافحتها في العراق وفي اقليم كوردستان، لذلك رأينا بأن هذا الموضوع جدير بالبحث والدراسة، وحاولنا جاهداً في هذا البحث بيان مفهوم اعمال السحر والشعوذة والوجود المادي لها، وكذلك بيان التكييف والاساس القانوني لمسؤولية الساحر والمشعوذ في القانون العراقي والقوانين المقارنة، وتوصلنا في خاتمة أنه من الضروري اقتراح مشروع قانوني للمشرع العراقي والكوردستاني لمكافحة ظاهرة السحر والشعوذة عسى ولعلى يشكل سابقة يعتمد عليه، واقراره من قبل السلطة المختصة بتشريع القوانين.

# Characterization and the legal basis for the civil liability of the magician and sorcerer
(Comparative analysis research)

**Assist. Prof. Dr. Tahsin Hamad Smael**
Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Managemnet, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
tahsin.smael@soran.edu.iq

**Chawan Sardar Lateef**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Managemnet, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
csl890h@law.soran.edu.iq

**Keywords:** Civil responsibility, witchcraft, sorcery, deception, compensation.

## Abstract

Witchcraft and sorcery are a hidden and unknown work of society that is a source of problems and harm to individuals in society and has a dangerous role in creating more belief among people. This problem is an old renewed problem that is constantly renewed over time and has spread from one era to another. Currently, it is a living issue in our society that the absence of any legal text in the Iraqi Civil Code and the absence of any guidelines has made the issue more intense and more dangerous to individuals in society.

We therefore make a good academic effort to uncover the civil liability of a person practicing witchcraft by referring back to the general rules of civil law in comparative laws such as the UAE Civil Procedure Code, Sudan Civil Procedure Code and Iraqi Civil Code. Focusing on the introduction of magic and divination products، discussing the materiality, of magic and divination products and legal compatibility with civil liability in magic and divination products، and identifying the type of liability that have been ignored in the Civil Code. Hoping to set a precedent for the legislature to pass a law on the subject.